هەرێمی کوردستان \عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن

# ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان

((توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ ژنانی خاوەن پیشە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە))

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن لەپسپۆڕی تەلەفزیۆن

نامەی خوێندکار
نوسیبە فریح عبدالقادر

سەرپەرشت
پ.د. نەزاکەت حسێن حمەسعید

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢ زاینی ١٤٤٤ کۆچی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (نوسیبە فریح عبدالقادر) بە ناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان)، بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان\زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشت: د. نەزاکەت حسێن حمەسعید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ڕێکەوت: \ \ ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. سلام نصرالدين محمد
سەرۆک بەشی ڕاگەیاندن
ڕێکەوت: \ \ ٢٠٢٢

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نـامەیەی خوێنـدکار (نوسـیبە فـریح عبـدالقادر) بە ناونیشـانی (ڕۆڵی بەرنـامە تەلەفزیۆنیەکـان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان)، پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدا بوو ڕاستکراونەتەوە، بەوەش نامەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت:

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (نوسیبە فریح عبدالقادر)مان بە ناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی(                ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت:   \   \ ٢٠٢١

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام:
ڕێکەوت:   \   \ ٢٠٢١

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام:
ڕێکەوت: \   \ ٢٠٢١

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام و سەرپەرشتیار:
ڕێکەوت: \   \ ٢٠٢١

لەلایەنی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان\زانکۆی سلێمانی- پەسەندکرا

واژۆ:
ناو:پ.ی.د.ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

# پێشکەش

- به هەر کەسێک کە دڵخۆشە بەسەرکەوتنەکانم.
- بە خێزانەکەم کە بەردەوام هاوکار و پشتیوانم بوون لە قۆناغەکانی خوێندنم.
- بە کورە ئازیزەکانم،کە لە ماوەی خوێندنەکەم نزیکترین هاورێم بوون.

توێژەر

سوپاس و پێزانین بۆ:

- خوای گەورە کە دەرفەت و توانای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەی پێبەخشیم.
- مامۆستای بەرێز (پ.د.نەزاکەت حسێن حمەسعید) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت و هاندەر و هاوکارم بوو.
- زانکۆی هەڵەبجە کە دەرفەتیان پێدام بە دابینکردنی کورسی خوێندن و بەردەوامی دان بە خوێندن لە زانکۆی سلێمانی.
- سەرۆکایەتی بەشی ڕاگەیاندن و ڕاگرایەتیی کۆلێژ و یەکەی خوێندنی باڵا و کتێبخانە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کە لە ماوەی خوێندنم هاوکار و هاندەر بوون.
- کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی هەڵەبجە کە هاوکارییان کردم بە دابینکردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی.
- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی\کتێبخانەی ناوەندی بە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی.
- مامۆستایانی بەرێز (پ.ی.د. حکیم عثمان حمید، پ.ی.د. سلام نصرالدین محمد، پ.ی.د. ژیا عباس قادر، پ.ی.د.کاروان عەلی قادر، پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی) ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسییەکەیان لە ئەستۆ گرت.
- مامۆستای بەرێز (پ.د. مجید خدایخش اسد) کە زۆر هاوکارم بووە و ئەرکی شیکردنەوەی داتاکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی لە ئەستۆ گرت.
- بەرێز خاتوو (ویداد وەلی محمد) بەڕێوەبەری سەرچاوەمرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی کە هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونم لە خوێندن تا کۆتایی هاوکارم بووە.
- بەرێز (سعد غریب رووف) فەرمانبەر لە بەرێوەبەرایەتی گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، هاوکار و یارمەتیدەرم بووە لە کاتی نوسین و دیزاینکردنی توێژینەوەکە.
- هاوڕێی خۆشەویستم (خەندە لوقمان) کە هاوکارم بووە لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکان.
- هاوڕێم (تانیا عثمان) فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی\بەشەناوخۆیی کچان هاوکاری زۆری کردووم.
- بەرێز (م.کۆڤان حسێن سەعد) هاوکارم بووە بە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی.

- بەڕێز (جوتیار تۆفیق) کە هاوکاریکردووم لە وەرگێڕانی هەندێک لە تێکستە ئینگلیزەکان.
- بەڕێز مامۆستا (ئارام طاهر سعید) لێپرسراوی کتێبخانەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هاوکاری زۆری کردووم بە پێدانی کتێب و سەرچاوە لە ماوەی نوسینی توێژینەوەکەم.
- بەرێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی کۆتایی.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان، دەرخستنی ڕۆڵی بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان، دەرخستنی ئاستی پشتبەستنی ژنان بەبەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشەکانیان،دەرخستنی ئاستی بایەخ و گرنگیدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە تواناکانی ژنان.

بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەر پشتی بە جۆری توێژینەوەی وەسفی بەستووە. میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە کە گونجاوە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکەی. توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، فۆڕمەکە لە (٣) تەوەر پێکهاتبوو کە (٢٧) بڕگەی لە خۆگرتبوو، هاوکات بەشێکی دیکەی فۆڕمەکە تایبەت بوو بە وەرگرتنی زانیاری گشتی لە بەرتوێژان کە تێیدا (٨) پرسیاریان ئاڕاستە کرابوو. بەو جۆرە زانیاری لەبەرتوێژان وەرگیراوە.

سەرجەم ئەو ژنانەی لە ڕاپرسییەکەدا وەرگیراون ژنانی خاوەن پیشەن لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، ژمارەیان (١٣٠) ژنی خاوەن پیشەن. لەو ژمارەیە، (١٠٠) فۆڕم بە دروستی گەڕاونەتەوە و کاریان لەسەر کراوە. توێژینەوەکە پرۆگرامی ئاماریی (SPSS) بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەنجامەکان.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە:

١.تەلەفزیۆنە کوردییەکان گرنگی و بایەخ دەدەن بە ئاستی پیشەیی ژنان ئەویش لەڕێگەی دانانی چەندین بەرنامەی تایبەت بە تواناکانی ژنان و خستنەگەڕی پیشەکانیان.

٢.بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دەرخستنی توانا و پیشەکانی ژنان لەلایەک و تواناکانی وەرگرەکان و خستنەگەڕیان لەلایەکی تر،ئەویش بە تەرخانکردنی کاتی پێویست و گونجاو بۆ ئەو مەبەستە.

٣.ژنان سوودیان وەرگرتووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و دەرخستنی تواناکانیان و ناساندنی کاڵاکانیان.

کلیلی ووشە: ڕۆڵ، بەرنامە، تەلەفزیۆن، بازاڕ، پیشە، توانا، ژن.

**پێڕست**


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشکەش | ث |
| ٢ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٣ | پوختەی توێژینەوە | خ |
| ٤ | پێڕست | د |
| ٥ | پێشەکی | ١ |
| ٦ | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** | |
| ٧ | ١-١:کێشەی توێژینەوە | ٤ |
| ٨ | ١-٢: گرنگی توێژینەوە | ٤ |
| ٩ | ١-٣: پرسیاری توێژینەوە | ٤ |
| ١٠ | ١-٤: ئامانجی توێژینەوە | ٥ |
| ١١ | ١-٥: جۆر و ڕێبازی توێژینەوە | ٥ |
| ١٢ | ١-٦: ئامرازی توێژینەوە | ٥ |
| ١٣ | ١-٧: ڕاستی وجێگیری | ٦ |
| ١٤ | ١-٨: سنوری توێژینەوە | ٧ |
| ١٥ | ١-٩:کۆمەڵگای توێژینەوە | ٧ |
| ١٦ | ١-١٠: ئاستەنگەکانی توێژینەوە | ٨ |
| ١٧ | ١-١١: ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ٩ |
| ١٨ | ١-١٢: توێژینەوەکانی پێشوو چۆنیەتی سوود وەرگرتن | ٩ |
| ١٩ | ١-١٣: کلیلی ووشەکان | ١٠ |
| ٢٠ | **بەشی دووەم: بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی تایبەت بە بازاڕگەری بۆ پیشەکانی ژنان** | |
| ٢١ | ٢: بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی تایبەت بە بازاڕگەری بۆ پیشەکانی ژنان | ١٤ |
| ٢٢ | ٢-١: بەرنامەی تەلەفزیۆن | ١٤ |
| ٢٣ | ٢-١-١: جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆن | ١٥ |
| ٢٤ | ٢-١-٢: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆن | ١٧ |

| ژ | بابەت | لاپەڕ |
|---|---|---|
| ٢٥ | ٢-٢: بازاڕگەری | ١٩ |
| ٢٦ | ٢-٢-١: چەمک و پێناسەی بازاڕگەری | ١٩ |
| ٢٧ | ٢-٢-٢: گرنگی بازاڕگەری | ٢٢ |
| ٢٨ | ٢-٢-٣: تێکەڵەی بازاڕگەری | ٢٥ |
| ٢٩ | ٢-٢-٤: تێکەڵەی ڕەواج کردن | ٢٧ |
| ٣٠ | ٢-٢-٤-١: ڕیکلام | ٢٧ |
| ٣١ | ٢-٢-٤-٢: جۆرەکانی ڕیکلام | ٢٨ |
| ٣٢ | ٢-٢-٤-٣: ئامانجەکانی ڕیکلام | ٣١ |
| ٣٣ | ٢-٢-٤-٤: ڕۆڵی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن | ٣٢ |
| ٣٤ | ٢-٢-٤-٥: لایەنە ئەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن | ٣٣ |
| ٣٥ | ٢-٢-٤-٦: لایەنە نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن | ٣٤ |
| ٣٦ | ٢-٢-٥: فرۆشتنی کەسی | ٣٥ |
| ٣٦ | ٢-٢-٦: بەرزکردنەوەی فرۆشتن | ٣٦ |
| ٣٧ | ٢-٢-٧: پەیوەندی گشتی | ٣٦ |
| ٣٨ | ٢-٢-٨: بازاڕگەری ڕاستەوخۆ | ٣٧ |
| ٣٩ | ٢-٣: تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بە پیشەی ژنان | ٤٢ |
| ٤٠ | ٢-٤: قۆناغەکانی کارکردنی ژنان و پاڵنەر و تواناکانی کارکردنی ژنان و گیروگرفتەکانی کارکردنیان | ٤٣ |
| ٤١ | ٢-٤-١: قۆناغەکانی کارکردنی ژنان | ٤٤ |
| ٤٢ | ٢-٤-٢: پاڵنەر و تواناکانی کارکردنی ژنان | ٤٦ |
| ٤٣ | ٢-٤-٣: گیروگرفتەکانی بەردەم کارکردنی ژنان | ٥٣ |
| ٤٤ | **بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشەو تواناکانی ژنان** | |
| ٤٥ | ٣-١: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان | ٥٧ |
| ٤٦ | ٣-٢: خستنەڕوو و شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان | ٦٤ |
| ٤٧ | ٣-٣: خستنەڕوو و شیکردنەوەی تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە | ٧٥ |

| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٤٨ | ٣-٣-١: تەوەری یەکەم: ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بەتواناکانی ژنان | ٧٥ |
| ٤٨ | ٣-٣-٢: تەوەری دووەم: سوود وەرگرتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بۆ برەودان بە تواناکانیان و ناساندنی کاڵاکانیان. | ٧٨ |
| ٤٩ | ٣-٣-٣: تەوەری سێیەم: ئاستی هاندان و ناساندنی کاڵا و پیشە دەستیەکانی ژنان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان | ٨٢ |
| ٥٠ | ٤: دەرئەنجام و پێشنیاز | |
| ٥١ | ٤-١: دەرئەنجام | ٨٧ |
| ٥٢ | ٤-٢: پێشنیازەکان | ٨٨ |
| ٥٣ | سەرچاوەکان | ٨٩ |
| ٥٤ | پاشکۆکان | A |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | تەمەنی بەرتوێژان | ٥٧ |
| ٢ | بڕوانامەی بەرتوێژان | ٥٨ |
| ٣ | باری خێزانی بەرتوێژان | ٦٠ |
| ٤ | شوێنی نیشتەجێ بوونی بەرتوێژان | ٦١ |
| ٥ | جۆری پیشەکان | ٦٢ |
| ٦ | ئایا تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت؟ | ٦٤ |
| ٧ | ماوەی تەماشاکردنت بۆ تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ڕۆژێکدا چەندە؟ | ٦٥ |
| ٨ | کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە چ کاتێکدایە؟ | ٦٦ |
| ٩ | ئایا تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت؟ | ٦٧ |
| ١٠ | بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان گرنگیان داوە بە دەرخستنی پیشە و تواناکانی ژنان؟ | ٦٨ |
| ١١ | تا چەند دەرکەوتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بۆ خستنە ڕووی توانا و بەرهەمەکانیان بە پێویست دەزانیت؟ | ٦٩ |

| لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژ |
|---|---|---|
| ٧٠ | تا چەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان؟ | ١٢ |
| ٧١ | تا ئێستا چەند جار بەشداریت کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانت؟ | ١٣ |
| ٧٣ | خستنەڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردن و شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان بە شێوەیەکی گشتی. | ١٤ |
| ٧٥ | **تەوەری یەکەم: ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە تواناکانی ژنان** | ١٥ |
| ٧٧ | خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ وەڵامی بەرتوێژان بۆ تەوەری یەکەم | ١٦ |
| ٧٨ | **تەوەری دووەم: سوود وەرگرتنی ژنان لەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ برەودان بە تواناکان و ناساندنی کاڵاکانیان.** | ١٧ |
| ٨٠ | خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ وەڵامی بەرتوێژان بۆ تەوەری دووەم. | ١٨ |
| ٨٢ | **تەوەری سێیەم: ئاستی هاندان و ناساندنی کاڵا و پیشەکانی دەستی ژنان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان.** | ١٩ |
| ٨٤ | خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ وەڵامی بەرتوێژان بۆ تەوەری سێیەم. | ٢٠ |


## پێڕستی شێوەکان


| لاپەڕە | خشتەی شێوەکان | ژ |
|---|---|---|
| ٢٦ | تێکەڵەی بازارگەری | ١ |
| ٤١ | تێکەڵەی ڕەواج کردن | ٢ |
| ٥٧ | تەمەنی بەرتوێژان | ٣ |
| ٥٩ | بڕوانامەی بەرتوێژان | ٤ |
| ٦٠ | باری خێزانی بەرتوێژان | ٥ |
| ٦١ | شوێنی نیشتەجێ بوونی بەرتوێژان | ٦ |
| ٦٢ | جۆری پیشەکان | ٧ |
| ٦٤ | وەڵامی پرسیاری یەکەم | ٨ |
| ٦٥ | وەڵامی پرسیاری دووەم | ٩ |
| ٦٦ | وەڵامی پرسیاری سێیەم | ١٠ |
| ٦٧ | وەڵامی پرسیاری چوارەم | ١١ |

| ژ | خشتەی شێوەکان | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| ١٢ | وەڵامی پرسیاری پێنجەم | ٦٨ |
| ١٣ | وەڵامی پرسیاری شەشەم | ٦٩ |
| ١٤ | وەڵامی پرسیاری حەتەم | ٧٠ |
| ١٥ | وەڵامی پرسیاری هەشتەم | ٧١ |
| ١٦ | خستنە ڕوو شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان | ٧٣ |
| ١٧ | وەڵامی پرسیارەکانی تەوەری یەکەم | ٧٦ |
| ١٨ | ناوەندی گریمانەیی و ژمێرەیی تەوەری یەکەم | ٧٧ |
| ١٩ | وەڵامی پرسیارەرکانی تەوەری دووەم | ٧٩ |
| ٢٠ | ناوەندی گریمانەیی و ژمێرەیی تەوەری دووەم | ٨٠ |
| ٢١ | وەڵامی پرسیارەکانی تەوەری سێیەم | ٨٣ |
| ٢٢ | ناوەندی گریمانەیی و ژمێرەیی تەوەری سێیەم | ٨٤ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژ | خشتەی پاشکۆکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | فۆڕمی ڕاپرسی | B |
| ٢ | ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | H |
| ٣ | ملخص البحث | I |
| ٤ | Abstract | J |
| ٥ | ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | K |

## پێشەکی:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و  تواناکانی ژنان)، کە لە ڕێگەیەوە توێژەر وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و بۆی دەردەکەوێت کە تا چەندە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان ڕۆڵیان هەبووە لە برەودان بە پیشە و تواناکانی ژنان.

تەلەفزیۆن یەکێکە لە کەناڵە کاریگەرەکانی کاری ڕاگەیاندن،ئەویش بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی کە کۆکراوەی هەرسێ تایبەتمەندی کەناڵەکانی تری وەک (بینین و بیستن و خوێندنەوە)یە.

یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی تەلەفزیۆن بەرنامەیە:

''هەموو ئەو بابەتە وێنەیی یان وێنە دەنگیەیە کە لەلایەن تەلەفزیۆنەوە لە ماوەی پەخشیـ ڕۆژانەدا پێشکەش دەکرێت کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و ئاراستەی چینێکی دیاریکراو لە بینەران دەکرێت بە زمانێکی گونجاو،ناونیشان و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە بەرنامەکانی تر''.[1] بازاڕگەری، هەمووکات لە هەوڵی برەودانە بۆ ژیانێکی ستاندار لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە بە گەڕان بە دوای پێداویستی و خواستەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە و کارکردن بۆ دابینکردنی ئەو بەرهەمانەی کە پێداویستی و خواستیان دابین دەکات.

کارکردنی پیشەیی ئامرازێکە لای ژنان بۆ سەلماندنی خود و هێز و پیشە و توانا و دەرخستنی کەسێتی خۆیان وەک تاکێک کە خاوەنی ئەرک و مافی خۆیەتی، بەکاریدەهێنێت. چونکە کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی پێگەیەکی گرنگ لە ناو خێزان و کۆمەڵگە، هەر ئەو کارکردنەیان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کەسێتیان و دۆزینەوەی خۆیان و هەستکردنیان بەوەی کە تاکێکی بەرهەمهێنن لە ناو کۆمەڵگە و دەتوانن ڕووبەڕووی بەربەستەکانی ژیان ببنەوە ئەگەر بە تەنهاش بن.

بە گەڕانەوەمان بۆ کتێبخانە و سەرچاوە زانستییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت کە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و  تواناکانی ژنان، لێکۆڵینەوەی قوڵ و فراوانی لەبارەوە نەکراوە، ئەمەش بایەخی ئەم توێژینەوە زیاتر دەکات. ژنانی خاوەن پیشە دەتوانن سود لەم توێژینەوەیە ببینن و ڕێ نیشاندەرێک دەبێت بۆیان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ  پیشە و  تواناکانیان لە ڕێگەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان.

---

١. عبد الكريم حسين السوداني: وظيفة اللغة الصورية فى البرامج التلفزيونية، اطروحة دكتوراه غير منشورة جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة،١٩٩٧، ص٧

ئاشکرایە کە توێژینەوەی زانستی کارێکی گەورە و گرنگ و سەختە، توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە (٣) بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم بۆ چوارچێوەی ڕێبازی توێژینەوەکە تەرخانکراوە کە با س لە کێشەی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، پرسیاری توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە، ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان، توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنیەتی سود وەرگرتنی توێژەر لێیان، هەروەها کلیلی ووشەکانی توێژینەوەکە دەکات.

بەشی دووەم لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە دەگرێتەخۆ کە تایبەتە بە بەرنامەی تەلەفزیۆن، جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆن ،هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامە،چەمک و پێناسەی بازاڕگەری ،گرنگی بازاڕگەری، تێکەڵەی بازاڕگەری و تێکەڵەی ڕەواج کردن،کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەڕوانێتە ئیشی ژنان، تەوەرێکی دیکە باسمان لە قۆناغەکانی کارکردنی ژنان و پاڵنەر و تواناکانی ژنان کردووە کە سامپڵی توێژینەوەکەن و خراونەتەڕوو. لە بەشی سێیەم و کۆتایی، کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی لە خۆگرتووە، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی و خستنەڕووی ئەنجامەکان لە چوارچێوەی چەندین خشتەدا و تاوتوێکردنیان خراونەتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا چەند دەرئەنجام و پێشنیارێک خراونەتەڕوو. لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان لە کۆتایدا هاتوون.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

١-١: کێشەی توێژینەوەکە

١-٢: گرنگی توێژینەوەکە

١-٣: پرسیاری توێژینەوەکە

١-٤: ئامانجی توێژینەوەکە

١-٥: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە

١-٦: ئامرازی توێژینەوەکە

١-٧: سنوری توێژینەوەکە

١-٨: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

١-٩: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە

١-١٠: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

١-١١: :ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

١-١٢: توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنیەتی سود وەرگرتن لە توێژینەوەکان

١-١٣: دیاریکردنی کلیلی ووشەکانی توێژینەوەکە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە

کارکردنی ژنان و دەرخستنی پیشە و  تواناکانیان لە بازارگەریدا نوێیە و لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتووە.کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناڕوونیەک هەیە لە ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان لە برەودان بە پیشە و  تواناکانی ژنان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا و شمەکەکانیان، وە  هەروەها ڕادەی سوودبینینیان لەبەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ ناساندنی بەرهەمەکانیان.هەر بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەدا خۆی دەبینێتەوە کە (ئایا بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە دۆزینەوەی بازار بۆ پیشەکانی ژنان؟)

### ١-٢: گرنگی توێژینەوەکە

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە لەم بوارانەی خوارەوە:

١.دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەران و خوێندکارانی دیکە، هەروەها بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی ئەکادیمی کوردی و سود گەیاندن بە لایەنی پەیوەندیداری دیکە بەم بابەتەوە.

٢. دەبێتە بنەمایەک بۆ ژنان و خاوەن پیشەکان بۆ سوود وەرگرتن لە ڕاگەیاندن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان.

٣. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان کە لەسەر ئاستی نامەی ماستەر ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان دەردەخات.

### ١-٣: پرسیاری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەرێت و دەیەوێت دەریبخات کە:

١. تا چەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان ڕۆڵیان هەیە لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان؟

٢. تا چەند بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان؟

٣. تا چەند ژنان پشت بە بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەبەستن بۆ برەودان بە تواناکانیان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشەکانیان؟

## ١-٤: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەم ئامانجە سەرەکییانە بەدیبهێنێت:

١. دەرخستنی ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان.

٢. دەرخستنی ڕۆڵی بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشە و تواناکانی ژنان.

٣- دەرخستنی ئاستی پشتبەستنی ژنان بەبەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشەکانیان.

٤.دەرخستنی ئاستی بایەخ و گرنگیدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە تواناکانی ژنان.

## ١-٥: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، کە گونجاوە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە و چونکە وەسفی بەرنامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکات لە بازارگەری و ڕۆڵیان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵای ژنانی پیشەدار وبەتوانا، وە بۆ گەیشتن بە وەڵامدانەوەی ئامانجەکان میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوە.

## ١-٦: ئامڕازی توێژینەوەکە

بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری وورد و پێویست لەسەر بابەتی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕێگای مەبەستدار پەیڕەوکراوە. کە سەردانی گشت شوێنەکانی کاری دەستی ژنان کراوە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە. ئەوانەی ئامادە بوون و فۆڕمیان وەرگرتووە، (١٣٠) ژنی خاوەن پیشە بوون، بەڵام تەنها (١٠٠) ژن فۆڕمەکەیان گەڕاندوەتەوە، هەندێکیان کە خوێندەواریان نەبوو توێژەر لەگەڵیان دانیشتووە فۆڕمەکەی بۆ پڕکردونەتەوە.

### فۆڕمی ڕاپرسی

بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری و بۆ داڕشتن و ئامادەکردنی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، سەرەتا فۆڕمێکی پرسیار بە هەماهەنگی توێژەر لەگەڵ سەرپەرشتیار دروست کرا کە پێکهاتبوو لە (٣٣) پرسیار بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها بە ڕەچاوکردنی سەرنج و تێبینی هەڵسەنگێنەرەکان بەشێک لە پرسیارەکان وەک خۆی مایەوە و بەشێکی دەستکاری کرا، لەگەڵ زیاد کردنی چەند پرسیارێک بۆ فۆڕمەکە.

فـۆڕمەکە لە (٣) تەوەر پێکهـاتبوو لەگەڵ (٨) پرسـیاری دیـکە کە تـایبەتبوو بە وەرگـرتنی زانیـاری گشـتی لەبەرتـوێژان. تەوەری یەکەم لە (١٠) پرسـیار تـایبەت بە (ئاسـتی بـایەخ و گـرنگی پێـدانی تەلەفزیـۆنە کوردییەکان بەتواناکانی ژنان) پێکهاتبوو، تەوەری دووەم (٧) پرسیاری لە خۆگرتبوو لەبارەی چۆنیەتی (سوود وەرگـرتنی ژنـان لەبەرنـامە تەلەفزیۆنیەکـان بـۆ بـرەودان بە تواناکـان و ناسـاندنی کاڵاکانیـان)، لە تەوەری سێیەمیشـدا (١٠) پرسـیاری تـایبەت بە (ئاسـتی هانـدان و ناسـاندنی کـاڵا و پیشـە دەسـتیەکانی ژنـان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان) خرابووە ڕوو، بەو جۆرە زانیاریمان لە بەرتوێژان وەرگرت.

**١-٧: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە**

**١. پێوەری ڕاستی (Validity Measure)**

بە ئامـانجی گەیشـتن بە ڕاسـتی تـوێژینەوەکە، فـۆڕمی ڕاپرسـییەکە بە (٥) پسـپۆڕ✯ دراوە بە مەبەسـتی هەڵسەنگاندن. پسپۆڕەکان سەرنج و تێبینیەکانیان خستۆتەڕوو پاشان فۆڕمەکە هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە، لە ئەنجامدا هەندێک لە پرسیارەکان دەستکاری کران و هەندێک لە پرسیارەکان لابران، هەندێک پرسیاری دیکەی بۆ زیاد کرا. لەسەر ئەو بنەمایە جارێکی تر فۆڕمەکە دارێژراوەتەوە و لە شێوەی کۆتایدا ئامادە کراوە. ئەنجامی پێوەری ڕاستی گەیشتە (٨٠%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕاستی فۆڕمەکە ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە.

**٢. پێوەری جێگیری (Reliability)**

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ڕادەی جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، لە دوای (٣٠) ڕۆژ لە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسـەر بەرتـوێژان، جـارێکی دیـکە فـۆڕمەکە بەسـەر (٢٠%)یانـدا دابەشـکراوەتەوە کە بەشـێوەی هەڕەمەکی (قـورعە) کـراوە. پاش وەرگـرتنەوەی فۆڕمەکان و بەمەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی نێوان وەڵامەکانیـان لە هەردوو جـارەکەدا، هاوکێشـەی (پەیوەنـدی پێرسـۆن)مان بەکارهێنـا، دواتـر زانیارییەکان شـیکراونەتەوە و دەرکەوت کە جێگیری توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٨٧،٣%)ە، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی گونجاوە.

..........................................................................................

٭ هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپرسی کە خراونەتە ڕوو:

١. پ.ی.د حکـیم عثمـان حمید\پسـپۆری تەکنەلۆجیـای ڕاگەیانـدن، تەلەفزیـۆن\ بەشی تەکنـیکی میدیا\کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی\زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٢. پ.ی.د سـلام نصرـالدین محمد\پسـپۆری ڕاگەیانـدن \بەشی ڕاگەیانـدن \ کـۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان\زانکۆی سلێمانی.

٣.پ.ی.د ژیـا عبـاس قادر\پسـپۆری بـواری جێنـدەر\بەشی کـاری کـۆمەڵایەتی\ کـۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان\زانکۆی سلێمانی.

٤.پ.ی.د کاروان عەلی قادر\پسپۆڕی ڕاگەیاندن\بەشی تەکنیکی میدیا\کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی\زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٥.پ.ی.د یەحیـا عـومەر ڕێشاوی\پسـپۆڕی ڕاگەیانـدن\ بەشی تەکنـیکی میـدیا\کۆلێجی تەکنـیکی کارگێڕی\زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

**١-٨: سنوری توێژینەوەکە**

**١. سنوری شوێن:** هەرێمی کوردستان\پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، جێگەی ئەو ژنانەی کە ئیش دەکەن لە دەرەوەی ماڵەکانیان، شوێنی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە.

**٢. سنوری مرۆیی:** بریتییە لەو ژنانەی کە خاوەن پیشەی دەستی و تواناکانی خۆیانن لە هەموو تەمەنەکان، وە لەبەر ئەوەی پیشەکان ژمارەیان زۆرە توێژەر تەنها (٧) لەو پیشانەی وەرگرتووە کە ئەمانەن (دروومان، خواردن دروستکردن، شیرینی دروستکردن، گوڵ دروستکردن، نان کردن، ڕستن و چنین، باخداری)

**٣. سنوری کات:** لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢\٢\١) تاوەکو (٢٠٢٢\٧\٣١).

**١-٩: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ژنانی خاوەن پیشە کە ئەم پیشانە لە خۆدەگرێت، (دروومان، خواردن دروستکردن، ڕستن و چنین، گوڵ دروستکردن، باخداری، شیرینی دروستکردن، نان کردن). کە ژنانی خاوەن پیشە لە هەردوو پارێزگای (سلێمانی، هەڵەبجە) وەرگیراوە. بۆ کۆکردنەوەی سامپڵی توێژینەوەکەمان پەنا برا بـۆ بەکارهێنـانی شـێوەی بەمەبەسـتدار (عمـدی) بە شـێوازی پرسـیار کـردن و بەدواداچـوون و دەسـت

نیشانکردنی سامپڵەکەمان بۆ دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکەمان لەگەڵ بەکارهێنانی دابەشکردنی فۆڕم لەڕێگەی (ئۆنلاین)ەوە بۆ ئەو ژنانەی کە خاوەن پیشەن. دواجار توانیمان (١٣٠) فۆڕم دابەش بکەین لە هەردوو ناوەندی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بە سەرجەم قەزا و ناحیەکانەوە، بەڵام لە ئەنجامدا تەنها وەڵامی (١٠٠) فۆڕممان بە دەست گەشتەوە.

هۆکاری وەرگرتنی ئەو دوو پارێزگایە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی خاوەن پیشە دەستییەکانی تێدایە و توانای پەیداکردنی بازاڕیان هەیە بۆ کاڵا و بەرهەمەکانیان، بەهۆی ئەوەی کە ئەو دوو پارێزگایە ناوچەی گەشتیاریان زۆرە و ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوویان تێدەکەن و بەشێک لەو کارە دەستیانە لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە.

## ١-١٠ ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

١. نەبوونی داتایەکی وورد و دروستی زانیاری سەبارەت بە پیشە و پیشەگەرانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان، توێژەری ناچارکرد بە دوایاندا بگەرێت و کاتێکی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکە دابنێت.

٢. لەبەرئەوەی پیشەگەران ئافرەت بوون و هەندێکیان ئاستی خوێندەواریان کەم بوو، هەروەها زانیاری تەواویان نەبوو لەسەر شێوازی پڕکردنەوەی فۆڕمەکە بە (online)، بۆیە توێژەر ناچار بوو لەگەڵیان دابنیشێت بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکە، ئەمەش کاتێکی زیاتری پێویست بوو.

٣. نیشاندانی بێ متمانەیی پیشەگەران لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکان و گەشبین نەبوون بە ئەنجامی ئەم جۆرە ڕاپرسیانە.

٤. نەگەڕانەوەی هەندێک لە فۆڕمەکان لە کاتێکدا توێژەر (١٣٠) فۆڕمی دابەش کردووە و تەنها (١٠٠) فۆڕم گەڕاوەتەوە.

٥. بەهۆی ئەوەی بابەتی توێژینەوەکە نوێیە، توێژەر ڕووبەڕووی کەمی سەرچاوە بوویەوە.

### ١-١١: ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

- لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامی ئاماریی (spss) بەکارهاتووە بۆ:

١. بەکارهێنانی هاوکێشەی (ارتباطی پێرسۆن) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی دروستی و جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی.

٢. بەکارهێنانی هەردوو پێوەری سەنتەرگەرایی (ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری) بەمەبەستی دەرخستنی جیاوازی لە وەڵامدانەوەی بەرتوێژەکان.

٣. بەکارهێنانی (T Test) بۆ زانینی ئاستی جیاوازیی بەپێی تەوەرەکان.

- بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی = بەش\کۆ □□ ١٠٠

### ١-١٢:توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنیەتی سودوەرگرتن

ئەم توێژینەوانەی کە دەستکەوتوون، نزیکن و پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکە:

**توێژینەوەی ،طلاب نجوی (٢٠٢٠)**

**(اتجاهات المراة العاملة نحو البرامج الاجتماعية-برنامج خط احمر) ماجستر، جامعة محمد بوضياف - المسيلة- بمدينة المسيلة.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی ئاراستەی ئافرەتی ئیشکەری (المسیلة ) بۆ بەرنامەی هێلی سور، وە زانینی پشتبەستنی ئافرەتەکانی ناوچەی (المسیلة )بۆ بینینی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخستووە کە تەلەفزیۆن تا ڕادەیەکی باش هاوشان بووە لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕوو دەدەن، هەروەها کەناڵی (الشروق)یە یەکێکە لەو کەناڵە تایبەتانەی کە هەوڵی داوە چارەسەری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بکات لە ڕێگەی بەرنامەی (هێڵی سوور)، وە دەرکەوتووە کە ئەم بەرنامەیە هاوکاری ئافرەتانی کردووە بۆ ئاڕاستە کردنیان بەرەو بڕیاردان و توانیویانە ئاڕاستەی خۆیان دەست نیشان بکەن.

| ژ. | خاڵی هاوبەش | خاڵی جیاواز | چۆنیەتی سوود وەرگرتن |
|---|---|---|---|
| ١- | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە لە هەردوو توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. | لە ڕووی میتۆدی پەیڕەوکراوەوە توێژینەوەکەی (طلاب نجوی) لە جۆری وەسفی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی ڕووپێوی بەکارهاتووە. | توێژەر لە میتۆدنامەدا سودێکی باشی لەم توێژینەوەیە وەرگرتووە بۆ خستنەڕوو و ڕێکخستنی زیاتری زانیاریەکان لەبەشی تیۆری توێژینەوەکە. |
| ٢- | | لە ڕووی ژمارەی بەشداربوان، لە توێژینەوەکەی (طلاب نجوی)دا هیچ ئاماژەیەک بە ژمارەی بەشدار بوان نەدراوە ، بەڵام لەم توێژینەوەیە ژمارەی بەشداربووان (١٠٠) ژنی خاوەن پیشە وەرگیراون. | خستنە ڕوو و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی. |
| ٣- | | توێژینەوەکەی (طلاب نجوی)، بەرنامەی (هێڵی سور)ی لە کەناڵی (الشروق) بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوە و خستنە ڕووی کار و چالاکییەکانی ژنانی ئیشکەر لە شاری (المسیلة)، بەڵام ئەم توێژینەوەیەی بەردەست، ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی لە خستنە ڕوو و برەودان بە تواناکانی ژنانی بەکارهێناوە. | لە ڕووی ڕێکخستنی پرسیارەکانی توێژینەوەکە لەسەر بەرنامەی تەلەفزیۆن. |

## ١-١٣: کلیلی ووشەکان:

١. **بەرنامە:** "بەرنامە بەوە دەناسرێت کە پرۆگرامێکە وەسفی شتێک دەکات یان بڵاوی دەکاتەوە و شێوەی دەرەکی هەیە. باشترین بەرنامە ئەوەیە کە ئەتوانێت زۆرترین بینەر بەلای خۆیدا ڕابکێشت و کاریان تێ بکات، کە دەڵێن بەرنامە بە مانای ئەوەی کە پلانمان بۆ بەرنامەکە داناوە".[١]

٢. **تەلەفزیۆن:** بریتیە لە ئامێرێکی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بۆ پەخشکردن و وەرگرتنی دەنگ و وێنەی جوڵاو لە دوورەوە.

٣. **بازاڕ:** ئەو شوێنەیە کە فرۆشیاری شتومەک و خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ کڕیارەکان یەک دەگرن. ئەم یەکگرتنە دەکرێت لە هەمان شوێن بێت یان لە ڕێگەی ئامرازی پەیوەندییەکانەوە بێت.

١. فلاح کاظم المعنة: البرنامج الذاعیة والتلفزیۆنیة، جامعة بغداد، بیت الحکمة، ١٩٨٨، ص ١٢٨

٤. **پیشـە:** هەر جـۆرە کارێکە کە پێویسـتی بە ڕاهێنـانێکی تـایبەت یـان کارامەییەکی دیـاریکراو هەیە.[1] یـان بریتییە لە پراکتیزەکردنی کارێک کە پێویستی بە کۆمەڵێک زانیاری و کارامەیی ئالۆز دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنی فەرمی یان ئەزموونێکی پراکتیکی وەردەگیرێت. [2]

٥. **توانا:** بریتیە لە زۆرترین بڕی ئەو کارەی کە دەتوانرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت، زۆرجار توانا دەپێورێت بەو کاتژمێرانەی  کە دیاری کراون بۆ جێبەجێکردنی کارەکە لەلایەن کارمەندێکەوە، وە لەم چوارچێوەیەدا، توانا بە کردەوەی دانانی ماوەیەکی دیاری کراو بۆ  کارمەند لە بەرامبەر جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو یان چاوەڕوانکراوی کار، دەخەمڵێندرێت.

٦. **ژن:** بە بەشـێکی گـرنگی پێکهـاتەی سـەرەکی سـەرجەم کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی دەژمـێردرێن و لە هەر بارودۆخێکدا بێت ژیان لە ژن جیا نابێت و بە پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا.

1 . www.dictionary.cambridge.org, Retrieved 24-5-2022. 2:30 Pm Edited
2 www.businessdictionary.com, Retrieved 24-5-2022,2:30Pm Edited

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان تایبەت بە بازاڕگەری بۆ پیشەی ژنان

### ٢-١ بەرنامەی تەلەفزیۆن

**٢-١-١:** جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆن

٢-١-٢: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆن

### ٢-٢: بازاڕگەری

**٢-٢-١:** چەمک و پێناسەی بازاڕگەری

**٢-٢-٢:** گرنگی بازاڕگەری

**٢-٢-٣:** تێکەڵەی بازاڕگەری

**٢-٢-٤:** تێکەڵەی ڕەواج کردن

**٢-٢-٤-١:** ڕیکلام

**٢-٢-٤-٢:** جۆرەکانی ڕیکلام

**٢-٢-٤-٣:** ئامانجەکانی ڕیکلام

**٢-٢-٤-٤:** ڕۆڵی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

**٢-٢-٤-٥:** لایەنە ئەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

**٢-٢-٤-٦:** لایەنە نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

**٢-٢-٥:** فرۆشتنی کەسی

**٢-٢-٦**: بەرزکردنەوەی فرۆشتن

**٢-٢-٧:** پەیوەندی گشتی

**٢-٢-٨:** بازاڕگەری ڕاستەوخۆ

## ٢-٣: تێڕوانین کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت  پیشەی ژنان

**٢-٤**: قۆناغەکانی کارکردنی ژنان و پاڵنەر و تواناکانی کارکردنی ژنان و گیروگرفتەکانی کارکردنیان

**٢-٤-١:** قۆناغەکانی کارکردنی ژنان

**٢-٤-٢:** پاڵنەر و تواناکانی کارکردنی ژنان

**٢-٤-٣:** گیروگرفتەکانی بەردەم کارکردنی ژنان

## ٢:بەرنامەی تەلەفزیۆنیەکانی تایبەت بە بازاڕگەری بۆ پیشەکانی ژنان

## ٢-١: بەرنامەی تەلەفزیۆن

'' زاراوەی بەرنـامە(programme) و(Pro-gram) لە زمـانی ئینگلیزیـدا لە دوو بەش پێـک دێـت Pro بە مانای ''لەجیاتی و '' gram''بۆ هەمان مەبەست''واتا لە جیاتی نوسین و وێنە،یان پیا هەڵدانی شتێک '' . زاراوەی (Programmer)یـش مەبەسـت لەئەو کەسـەی کە بەرنـامەکە ئامـادە دەکـات واتە بەرنـامە ئامـادەکەر''. [(١)] ''بەرنـامە ( برنـامج-نشرە) ئەوەیە کە بەهەر هـۆیەکی بڵاوکـردنەوە پەخـش دەکرێـت و بـاسی شتێک دەکات،ئاماژە بۆ شێوەیەکی هونەری و کاتێکی دیاریکراو بگرێتەوە ناوێکی جێگری هەبێت ڕۆژانە یان هەفتـانە یـان نیـوەی مانـگ و مانگـانە بـۆ خسـتنە بەرچـاوی بـابەتێکی هەر بوارێـک و هـونەری پەخـش بەکاربهێنێت.''[(٢)] ''بەرنامەی تەلەفزیۆنی بیرۆکەیەک یان چەند بیرۆکەیەکە لە شێوە یان قاڵبێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێـت بـۆ هێنـانەدی ئامـانجێکی دیاریکـراو و گەیانـدنی پەیامێکی دیـار. بەرنامەی تەلەفزیـۆنی بـریتیە لە بـیرۆکەیەک کە لە ڕێی تەلەفزیـۆنەوە چارەسـەر دەکرێـت، هەمـوو توانـایەکی هۆیەکانی ڕاگەیانـدنی تێـدایە، پشت بە وێنەی بینراو دەبەستێت لە چوارچێوەیەکدا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەموو لایەنەکانی چارەسەر دەکـات. بەرنـامەی تەلەفزیـۆنی بەردەوام لە گەشـەکردندایە و لە ئاسـتێکدا ناوەسـتێت، بەپـێی جیـاوازی ناوەڕۆکەکەشی، ڕاگەیاندن و فێرکردن و ئاڕاستەکراو و گاڵتەئامێز و ڕیکلام، ئامانجەکانی دەپێکێت.''[(٣)]

''لە کـۆی ئەو پێناسـانەی کـراون، لـێرەوە دەگەیـنە ئەوەی کە بڵێـین بەرنـامەی تەلەفزیـۆنی خسـتنەڕووی بیرۆکەیەکە یان بابەتێکە بە پشت بەستن بە پسپۆر و پێشکەشکار و ریکۆرد و مۆسیقا و وێنە، جا میوانی نێو ستۆدیۆ هەبێت یان نا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان نا''.[(٤)]

---

١.بەناز حمە ڕەشید:پرسی ژن لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان و بەرنامەی بنەوشە بە نمونە،توێژینەوەیەکی زانستییە لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە،ژمارە (٤٥) ئاب ٢٠١٤،بەشی B،ل ٦٧

٢. جەمال عبدول:فەرهەنگی ڕاگەیاندن ،ئینگلیزی -عەرەبی-کوردی ،دەزگای چاپی احسان،سلێمانی:٢٠٠٦،ل٥٢٠

٣. بەناز حمە ڕەشید: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

٤.عاطف حمیدی: کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێیمانی:2010 ، ل٨٩

## ٢-١-١: جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

**یەکەم: پۆلێن کردنی بەرنامەکان بەپێی پێکهاتەی بەرنامە ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:** [١]

- **بەرنامە فێرکارییەکان:**

١. مەبەست لەو بەرنامانە بە پلەی یەکەم ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردنە، بە تایبەت لە بواری پەروەردەیی.

٢. ئەو بەرنامانەی کە تایبەتن بە شرۆڤەی وانەکانی خوێندن بۆ قۆناغ و ناوەندەکانی خوێندن.

٣. بەرنامە زانستییەکانی دیکە.

- **بەرنامە ڕۆشنبیرییەکان:**

١. ئەو بەرنامـانەن کە بە پـلەی یەکەم مەبەسـت تیایـدا وروژانـدنی سـەرجەم ئەو بـابەت و تەوەرانەی لە بارەی بوارەکانی هونەری و هزری و ئەدەبی.

٢. ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە چالاکییە هونەرییەکان.

٣. ئەو بەرنامانەی کە تیایدا وادەکات هەستی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لە هەموو لایەنە جیاوازەکان و تایبەتن بە چالاکیە ڕۆشنبیرییەکان.

- **بەرنامە ئاینیەکان:**

ئەو بەرنامانە پێکدێن لە هەموو ئەو بەرنامانەی کە تایبەتن بە بواری ئاینی لە هەموو ڕووەکانەوە.

- **بەرنامە تەرفیهیەکان:** [٢]

ئەو بەرنامانەن کە مەبەست لێیان کات بەسەر بردنە، کە پێکدێن لە:

١. فیلمە سینەماییەکان.

٢. شانۆگەرییەکان.

٣. بەرنامە مۆسیقاییەکان (جا تۆمارکراو بن یان ڕاستەوخۆ)

٤. بەرنامە وەرزشییەکان.

٥. بەرنامە تەرفیهییەکانی دیکە.

---

١.زریان خەتاب: پرسە سیاسیەکان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، توێژینەوەیەکی شیکارییە، لە گۆڤاری وەرزی تایبەت بە کلتوری ڕۆژنامەنوسی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە٣٣-٣٤، بەهاری ٢٠١٤، ل١٧٦-١٧٨

٢. عاطف حمیدی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣

**دووەم: ئەو بەرنامانەی کە ناچنە چوارچێوەی هیچ جۆرە بەرنامەیەکەوە:** [1]

بەپێی تێروانینی (د.کرم شبلی) لە ڕووی شێوەوە ئەم بەرنامانە دابەش دەکرێن بۆسەر چەند شێوەیەک:

١. شێوەی گفتوگۆ و بەرنامەی کەسێتی.

٢. چوارچێوەی چاوپێکەوتن.

٣. چوارچێوەی وەسف و ڕوونکردنەوە.

٤. چوارچێوەی مێژگرد.

٥. چوارچێوەی پێشبڕکێ و گاڵتەئامێز.

٦. چوارچێوەی جەماوەری بەشداربوو.

٧. چوارچێوەی دادگایی.

٨. چوارچێوەی فیلم و پێشکەشکار.

٩. چوارچێوەی گۆڤار.

١٠. چوارچێوەی هەمەڕەنگ.

١١. چوارچێوەی بەرنامەی دۆکومێنتاری.

**سێیەم: پۆلێنی ئەمریکی بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان:** [2]

١. **بەرنامەی نادرامی:** ئەو بەرنامانەیە کەلە ڕاستیەوە نزیکە و ئەمانە دەگرێتەوە وەک (کێبڕکێ، یاری، ڕووداو)، لەم جۆرەدا هەلی دروستکردنی حاڵەتێکی وەهم لە ئارادا نیە.

٢. **بەرنامەی هەواڵی:** هەموو بەرنامە هەواڵیەکان دەگرێتەوە وەک (بڵاوکراوەی هەواڵی ئاسایی، یان فێرکاری هەواڵی بێت) یان گونجاندنی لە شێوەی وێنەیەکی زیندوو.

---

١. زریان خەتاب: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٧٦-١٧٨

٢. بورهان عوسمان حمه حسين: الأشكال الفنية البرنامج الأطفال، رسالة ماجستر، غير منشورة، سليمانية، كلية العلوم الأنسانية، ألاعلام ، ٢٠١٢ ص ٢٢-٢٣

٣. **بەرنامەی گفتوگۆی کەسی دیار، گفتوگۆی بابەتی:** کەسێکی دیاریکراو دەبێتە میوان و زانیاری لەسەر بابەتێک هەیە یان تایبەتمەندی بوارێکی دیاریکراوی تێدا هەیە، جۆرێکی دیکەیان بە شێوەی گفتوگۆی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت .

٤. **بەرنامەی یاری بەکۆمەڵ و مەتەڵ و کێبڕکێ:** بریتیە لە بەرنامە کات بەسەربەرەکان کە بینەرێکی زۆریان هەیە.

٥. **بەرنامەی ژنانە:** تایبەتە بە کاروباری ژنان لە مەتبەخ و کاروباری ماڵەوە .

٦. **بەرنامەی منداڵان:** ئەو بەرنامانەن کە تایبەتن بە منداڵان، ناوەڕۆکەکانیان فیلم و وێنەی جوڵاو کێبڕکێن.

٧. **بەرنامەی ڕووداو:** ئەم بەرنامانە تایبەتن بە تەمەنێکی دیاریکراو کە لە نێوان منداڵی و پێگەیشتودایە.

## ٢-١-٢ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆن:

**١. بیرۆکە** [١]

"گرنگترین هەنگاو لە ئامادە کردنی پرۆگرام، زانینی ئەو بنەمایەیە کە پرۆگرامەکەی لەسەر دادەنرێت. دیاریکردنی بیرۆکە یان ئەو کۆمەڵە بیرۆکەیەی کە بە هۆیانەوە هەوڵی دروست کردنی پرۆگرامێکی تەواو دەدەن، بە بەشێکی زۆر گرنگ دەژمێرێت. بیرۆکە ئەو تروسکاییەیە کە ڕێگەی ئامادەکار ڕۆشن دەکاتەوە و بنەمای تێگەیشتن بەشێوەیەکی وورد لە پرۆگرامەکەدا دادەنێت و بە ڕێخۆشکەری جێ بەجێ کردنی پرۆگرامەکە دەژمێردرێت. هەڵبژاردنی بیرۆکەی هەر پرۆگرامێک یان بەپێی پێویستی وێستگەکە دەبێت، لەم کاتەش بەرپرسی بەشی بەرنامەکان ئەو ئەرکە بەیەکێک لە ئامادەکارانی بەشەکەی دەسپێرێت لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەیەی کە پێشتر دانراوە، یان بیرۆکەی پرۆگرامەکە لەلایەن خودی ئامادەکارەوە پێشنیاز دەکرێت.

**٢. دیاریکردنی کاتی بەرنامە**

پێویستە کاتی تەرخانکراو بۆ بەرنامە دیاری بکرێت، ئەم کارە ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی شێوازی چارەسەر کردنی بابەتە پێشنیار کراوەکان، لە هەمان کاتدا ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی بابەتەکانی بەرنامە.

---

١. عاطف حمیدی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤-١٤٦

هەنگاوی کات دیاریکردن ئەرکی ئامادەکار ئاسان دەکات و بەهۆیەوە ئامادەکار دەتوانێ کاتی هەر گۆشەیەک لە گۆشەکانی بەرنامە دیاری بکات.''

### ٣. کۆکردنەوەی زانیاری [١]

لەم هەنگاوەدا ئامادەکار هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بەتایبەتی ئەو بڕگانەی کە پێویستی بە ماندوو بوون هەیە لەلایەن ئامادەکارەوە، بۆ نمونە دەکرێت بڕگەکە پێویستی بە دۆکومێنتێکی نوسراو یان تۆمارکراو یان ئەنجامدانی دیمانە بێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئامادەکار پێویستی بە زانیاریەکانیان دەبێت بۆ دواندنی ئەو کەسایەتیەی میوانداری دەکرێت لە بڕگەکانی بەرنامە.

### ٤. ڕێکخستن

لەم هەنگاوەدا ئامادەکار، کار دەکات بۆ ڕێکخستنی کاتەکانی سەرجەم لایەنە بەشدارەکان لە بەرنامەکە و دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کاتە گونجاوەکان بۆ هەردوولا (کەسێتی بانگێشت کراو و ئامادەکار یان پێشکەشکاری بەرنامە)، کە مەبەست لێی هەماهەنگی کردنە بۆ ڕێکخستنی تۆمارە پێویستیەکان، هەروەها ئامادەکاری لە ستۆدیۆ و ئەرشیف و مۆسیقا.

### ٥. دارشتن

پێش ئەوەی بڕگەکانی بەرنامە دابڕێژرێت، ئامادەکار پێویستە ئەم دوو پرسیارە ئاراستەی خۆی بکات:

- دەربارەی چی دەنوسم؟
- بۆ کێ دەنوسم؟

ئەگەر توانی وەڵامیان بداتەوە، دەتوانێ بەباشی بەرنامەکە دابڕێژێت. خۆ ئەگەر درکی بە سروشتی بەرنامەکە کرد و جیاکاری لە نێوان بەرنامەی ڕۆشنبیری و وەرزشی و ئاینی کرد ئەوە دەتوانێ دەستەواژە و گوزارشتی لەبار و گونجاو بەکاربهێنێت.

---

١. عاطف حمیدی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨-١٥٠-١٥٨

## ٢-٢: بازارگەری

### ٢-٢-١: چەمک و پێناسەی بازاڕگەریی

چەمکی بازارگەریی "ئەو چەمکە ئابورییەیە کە توێژینەوە دەربارەی بازاڕ دەکات لە رێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار بە شێوەیەکی رێکوپێک و دروست لەسەر بەرهەم و بەکاربەر و کەناڵەکانی دابەشکردن و شرۆڤە کردنی ئەو زانیاریانە بەمەبەستی گەشەپێدانی بزنس".[١]

چەمکی بە بازاڕکردن "بە واتای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە دێت کە لە پێناو ڕاکێشانی سەرنج و بایەخی زۆرترین کڕیاردا دەدرێن، و لە پێناو پاراستنی دڵسۆزی و مانەوەی سەوداکارانی دامەزراوەیەک، هەموو ئەو رێکار و شێوازانەیە کە دامەزراوەیەک دەیگرێتەبەر بۆ فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی".[٢]

"بەو واتایەش دێت کە تیشک دەخاتە سەر یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە خاوەن کێشەیەکی دیاریکراون، یان دەرفەتێکە بۆ بەرەوپێشبردنی کەلتورو شارستانیەت".[٣]

ئەتوانین بڵێین بەو واتایەش دێت کە تیشک دەخرێتە سەر بازاڕ، قەبارەی بازاڕ دیاری دەکات و شیکار بۆ ژینگەی بازاڕگەری دەکات. ڕوو دەکاتە بەکاربەر، بەکاربەر ڕازی دەکات بە تایبەت لە دۆخی کێبرکێدا، تاوەکو ڕووبکاتە کێبڕکێکارانی دیکە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە دورتر لە پێشینەکانی بەکاربەر هەنگاو دەنێت و کارێکی وا دەکات بەکاربەر خۆشحاڵ ببێت کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەیە. بێگومان ئەگەر بەکاربەر ڕازی بوو بەو هەنگاوانە، ئەوا گەشبین دەبێت بەو پەیوەندییەی لەگەڵیدا هەیە، و ڕازی دەبێت بەو بەرهەمانەی کە ئەو دامەزراوە پێشکەشی دەکات، ئەمەش وا لە بەکاربەر دەکات کە بۆ کەسانی دیکەی باس بکات. ئەگەر ڕەزامەندی بەکاربەر فەراهەم نەکرێت، ئەوا گلەیی و گازندەی خۆی دەگەیەنێتە لای ژمارەیەکی زۆر لە بەکاربەری تر و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیانێکی گەورە بەر دامەزراوەکە بکەوێت. کەواتە ئەتوانین بڵێین کە ڕازیکردنی کڕیار ئاماژەیەکی باشە بۆ سود و ئایندەی دامەزراوەکە.[٤]

---

١.نەهرۆ عەلی: مارکێتینگ (بازاڕکاری)، چاپی سێیەم، لەبڵاوکراوەکانی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر: ٢٠١٦، ل٢٦

٢.چنور احمد محمد: ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٧، ل٤٤

٣.سێس گۆدین، م.زۆزک ئومێد عەلی: ئەمەیە مارکێتینگ، چاپخانەی تاران، سلێمانی: ٢٠٠٩،ل١٧

٤.ابراهیم شریف، مبادی التسویق و الترویج، دار أسامة للنشرو التوزیع، عمان : ٢٠٠٦،ص١٥

بەپێی چەمکی بازاڕگەریی، هەموو دامەزراوەکان تیشک دەخەنە سەر بەدیهێنانی قازانجێکی دوور مەودا لەڕێگەی ڕازیکردنی بەکاربەرەکانەوە، لەبەر ئەوە تەنها گرنگیدان نیە بە قەبارەی فرۆشراوەکان و قازانجی کورت مەودا.[١]

بێگومان ئەو قازانجە دورمەودایە ئەبێتە هۆکارێک بۆ مانەوە و پارێزگاریکردن لە بەکاربەرەکان و ڕاکێشانی بەکاربەری نوێ و زیاتر بۆ ناو پرۆسەکە، ئەمانەش هۆکارێکن بۆ قازانج و هەلیکاری زیاتر و گەشە کردن و ئایندەیەکی باش و درێژخایەن بۆ دامەزراوەکە.[٢]

بۆیە لە ئێستادا ''بازاڕگەریی (التسویق) بۆتە کارێکی مایە قازانج، لە گشت ئەو رێکخراوانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاروبارێکی بازرگانی. بەبازاڕخستن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە لێکۆڵینەوە لە زانستی بازرگانی، بەڵکو دەتوانین بڵێین لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە''.[٣]

چەمکی بازارگەری ''ئەو چەمکە ئابوریەیە کە توێژینەوە دەربارەی بازاڕ دەکات لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دروست لەسەر بەرهەم و بەکاربەر و کەناڵەکانی دابەشکردن و شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانە بەمەبەستی گەشەپێدانی بازرگانی''.[٤]

هەروەها ئەتوانین بڵێین'' بریتییە لەسەرجەم ئەو چالاکیە ئابوری و بازرگانیانەی کە جوڵەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ دوا بەکاربەر ئاراستە دەکات.''[٥]

لەم ڕوانگەیەوە بە چەند ئاراستەیەک باس لە چەمکی بازاڕگەری دەکەین:

**ئاڕاستەی یەکەم:** ''چەمکی بازاڕگەری، ئیدارەدانی پەیوەندی بەکاربەری قازانج ویستە و ئامانجی دولایەنەیە، کە ئامانجی ڕاکێشانی بەکاربەری نوێیە لە ڕێگەی بەڵێننامەوە بە بەهایەکی تایبەتمەند و پاراستنی بەکاربەرەکانی ئێستای، هەروەها پەرەپێدانی بەکاربەران بەشێوەیەک کە ڕەزامەندییان بەدەستهاتبێت.

**ئاراستەی دووەم:** چەمکێکی بەرفراوانی بازاڕگەرییە، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیدارییە کە تاکەکان و کۆمەڵەکان لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆرکردنی بەرهەمەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پێداویستییەکانیان بەدەست دەهێنن''.[٦]

---

١. طارق طه:ادارة التسویق، دار الکفر، الجامعی ،مصر: ٢٠٠٨،ص٥٨
٢. ابراهیم شریف: مبادی التسویق و الترویج، مصدر السابق، ص١٦
٣. زانا مجید صادق: کارگێڕی بە بازارخستن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نوسینگەی تەفسیر، ٢٠١٩ ل7
٤. نەزاکەت حسێن حمە سەعید: بازارگەری و بازارگەری میدیایی، چاپخانەی کارۆ،٢٠٢٠،ل١٧
٥. نەزاکەت حسێن حمە سەعید: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧
٦. نەوشیروان فرج احمد: ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢١، ل٣١

**ئاڕاستەی سێیەم:** پەیوەندی بە ژینگە و کارێک هەیە کە سنوردار بێت، بازاڕگەری هەموو ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕانە دەگرێتەوە کە بەکاربەر ڕەزامەندی تێدا بە دەست دەهێنێت.

**ئاڕاستەی چوارەم**: خۆی لە بیرۆکەیەکی ستراتیجیدا دەبینێتەوە کە بازاڕگەرییەکی ستراتیجییە، واتا بەتەنها خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە پەیوەندی درێژخایەنی لەگەڵ بەکاربەردا هەبێت بەڵکو بەهای زیاتر بۆ بەکاربەر وەردەگرێت، ئەوەش لە ڕێگەی پێشبڕکێ و ڕابەرایەتیکردن و سەرپەرشتی کردن لە بازاڕدا.[1]

لە سەردەمی ئێستادا، بازاڕگەری بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی دامەزراوەکان دادەنرێت کە زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران و کڕیاراندا هەیە، سەرکەوتنی دامەزراوەکە بەندە بە توانای تێگەیشتن لە پێداویستی و خواستەکانی بەکاربەر و بونیادنانی پەیوەندییەکی تونددو تۆڵ لەگەڵیدا بە شێوەیەک کە ڕەزامەندییان بەدەست بهێنێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و تۆکمەی دەبێت بۆ مانەوە و بەردەوامی قازانج کردن، کە یەکێکە لە ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکان.[2]

بە تێڕوانین و تێگەشتن لەو پێناسانەی کە خراونەتەڕوو توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی بازاڕگەری دەکات:

**بازاڕگەری،** کۆمەڵێک جموجوڵ و کاری بەردەوامی تاک و دامەزراوەکانە کە لە ڕێگەیەوە لە پێداویستی و خواست وداواکاری بەکاربەر دەکۆڵێتەوە، کە بەهای شمەک و خزمەتگوزارییەکان لەبەرهەم هێنەرەکانەوە بە بەکاربەرەکان دەگات و هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەرەکان دەدات و لەو ڕێگەیەوە پێداویستی کڕیارەکان بەشێوەیەکی کارا و قازانج بەخش دابین دەکات.

---

١.محمود جاسم الصميدعی، ردينة عثمان يوسف: التسويق الاستراتيجی، دارالمسسة للنشر والتوزيع ، عمان : ٢٠١١، ص١٠٢

٢.محمود جاسم الصمدعی، ردينة عثمان يوسف: التسويق الخدمات، ط٢،للنشر والتوزيع المسيرة، ٢٠١٤،ص ١٣٠

## ٢-٢-٢: گرنگی بازارگەری

بازاڕگەری پێگەیەکی دیار و گرنگی لە بواری ئابوریدا هەیە و جموجوڵ و چالاکیەکی داهێنەرانەیە، بۆ تەواوی تاکەکان و دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانیش گرنگی خۆی هەیە، جا ئەو گرنگییە قازانج ویست بێت یان قازانج نەویست. وە دەتوانین بڵێین بازاڕگەری سودی بۆ کۆمەڵگەش هەیە و خۆشگوزەرانی بەدیدەهێنێت.[١]

بە شێوەیەکی گشتی، بازاڕگەری گرنگییەکی گەورە و فراوانی هەیە بۆ هەموو کۆمەڵگە، بە شێوەیەک کە زۆربەی سەرچاوەکان لە چەند ڕەهەندێکەوە باس لە گرنگی بازاڕگەری دەکەن بەم شێوەیە :

**یەکەم: گرنگی بازاڕگەری بۆ بەکاربەران**

لەگەڵ زۆربونی ململانێ لە نێوان کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی زۆرترین پشک لە بازاڕدا، بووەتە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکان بیر لە دابینکردنی باشترین کاڵا و کوالێتی بکەنەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی بەکاربەر بۆ ئەوەی بەکاربەر زۆرترین دەرفەتی هەڵبژاردنی هەبێت لە نێوان بەرهەمە جۆراو جۆرەکاندا.[٢]

بازاڕگەری، هاوکاری بەکاربەران دەکات لە بڕیاردانی دروست بۆ کڕینی شمەک و پێداویستیەکان، چونکە بە هۆی بڕەوودانەوە بەکاربەر زانیاری متمانەپێکراو بەدەست دەهێنێت، ئەم جۆرە بازاڕگەریە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ئاراستە کردنی هەڵسوکەوتی بەکاربەر، بازاڕگەری دەبێتە هۆی زیاد کردنی هۆشیاری و مەعریفەی بەکاربەران لە بارەی بەرهەمەکانەوە. بازاڕگەری هاوکارە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاک و خۆشگوزەرانی ئابوریدا. بەها بۆ بەکاربەر بەدیدەهێنێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی کە لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکاندا خەرجی دەکات.

بازاڕگەری، بەرهەمهێنانی شمەک و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکاربەران و کەرتەکانی بازاڕ مسۆگەر دەکات. هەمیشە کڕیار داواکاری و پێداویستی زۆری هەیە و پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانە دەکەوێتە ئەستۆی بازاڕگەری، بۆیە پێویستە بازاڕگەری هاوسەنگی بپارێزێت لە نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربەراندا.[٣]

١.محمود الشيخ: التسويق الدولى ، دار اساما للنشر والتوزيع، عمان: ٢٠٠٨، ص٣١
٢.محمد الناجى الجعفرى: التسويق، ط٢،سودان، ١٩٩٨، ص٢٣:
٣.حميد الطائى واخرون: الأسس العلمية للتسويق الحديث، دار اليازورى العملية للنشر و التوزيع، عمان : ٢٠٠٧، ص٣٥-٣٧

**دووەم: گرنگی بازاڕگەری بۆ کۆمەڵگە**

بەرچاوترین گرنگی بازاڕگەری بۆ کۆمەڵگە بریتییە لە سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ بۆ بازاڕکردن، ئەویش خۆی لە پرۆسەی تێکەڵکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگە دەبینێتەوە.[1]

بازاڕکردن لەلایەکی دیکەوە چارەسەری کێشەی بێکاری دەکات لەناو کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەو پیشانەی کە کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی دابین کردووە. بە لە بەرچاو گرتنی قەبارەی زۆری چالاکی بازاڕکردن و بەڕێوەبردنی بازاڕ کردن لە دامەزراوە جیاوازەکاندا، ئەویش بوەتە هۆی دابینکردنی کار بۆ تاکەکان لە دامودەزگاکاندا.[2]

بازاڕگەری دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان ئیدارەی دامەزراوە و کۆمەڵگە، ولێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بزانێت کۆمەڵگە چی پێویستە لە ڕووی شمەک و خزمەتگوزارییەوە.[3]

بازاڕگەری، پشتگیری لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە دەکات لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵا و تەرخانکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر و داواکاری و خواستەکانیان، ئاسانکارییان بۆ دەکات لە بوارەکانی تاک فرۆشی و ئاژانسەکانی فرۆشتن، ئاژانسەکانی دابەشکردن و ئاسانکاری ڕیکلام بۆ کاڵا و شمەکەکان.[4]

**سێیەم: گرنگی بازاڕگەری بۆ دامەزراوە**

بازاڕگەری یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوە بازرگانیەکان، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکاندا.[5] بازاڕگەری دەبێتە هۆی فراوانبوون و مانەوە و بەردەوامبونی دامەزراوە لە بازاڕەکاندا. بە خاڵی دەستپێکی هەموو ئەو پرۆژانەش دادەنرێت کە لەلایەن ڕێکخراوە جیاوازەکانەوە ئەنجام دەدرێت.[6] بازاڕگەری، شوێن و پێگەی دامەزراوە لەناو بازاڕدا دیاری دەکات، وە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ بازاڕ و سروشتی ڕکابەریی و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی وڵات دەکات.[7] بەشداریکردن لە پلاندانان و گەشەپێدانی ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش دەکرێن بۆ بازاڕ،

---

١.ثامر یاسر البكری: التسویق و المسوولیة الاجتیماعیة، دار وائل للنشر والتوزیع، ٢٠٠١ عمان :، ص٩

٢.بدون اسم ،الموسسة العامة للتریب التقنی والمهنی، تخصص تسویق-مبادی التسویق، المملكة العربیة السعودیة، ٢٠٠٧، ص٥

٣. حمید الطائی و اخرون: مصدر سابق، ص ٣٥-٣٧

٤.الموسسة العامة للتریب التقنی والمهنی، مصدر السابق، ص٥

5 .Remziye Terkan, Importance of Creative Advertisting and Marketing According to University Students, Perspective, Internatiol Review of Management and Marketing, Vol.4, No.3.2014, p241

٦.محمد صالح الموزن: مبادی التسویق، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزیع، عمان: ٢٠٠٥،ص ٤٢

٧. مریم ساعد:التسویق الاستراتیجی فی ضل انفتاح اسوق الجزائریة، اطروحة الدكتوراة،غیر منشورة، جامعة باتنة،كلیة العلوم الاقتصادیة والتجاریة والتجاریة وعلوم التسیر،شعبة الاستراتیجیة والتسویق،الاتصال ،الجزائر،٢٠١٧-٢٠١٨ ، ص٥٤

وە پەرەپێدانی ستراتیژی نرخ و بەرزکردنەوە و دابەشکردن و ئەنجامدانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی بازاڕکردن.[١] بازاڕگەری دەبێتە هۆی دروستکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ دامەزراوە بەمەبەستی بەرەوپێش بردن و برەودان بە بواری ئابوری کە خۆی لە بەدواداچوون بۆ کەرەستەی خاو و فرۆشتنی و دامەزراندنی کارمەندان دەبینێتەوە.[٢]

ئەتوانین بڵێین کە دامەزراوەکان ناتوانن بەردەوام کارەکانیان بە سەرکەوتووی جێبەجێ بکەن بە بێ پیادە کردن و تێگەیشتن لە کرداری بازاڕگەری، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی زۆر جۆری کاڵا و شمەک لە بازاڕدا و زۆربوونی پێداویستیەکانی بەکاربەران و کڕیار.

## چوارەم: گرنگی بازاڕگەری لە ڕووی ئابورییەوە

پێشکەوتنی کەرتی ئابوری پرۆسەیەکە وڵاتان لە ڕێگەی بڕیاری سیاسی و ئابورییەوە باری ژیانی هاوڵاتیانی پێ باشتر دەکەن. ئەم پرۆسەیە لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری جۆراوجۆردایە، یەکێک لەو هۆکارانەش بازارگەرییە. زۆر جار بازاڕگەری تێکەڵ بە گەشەکردنی ئابوری وڵات دەبێت و هۆکارێکە بۆ زیادبونی توانای ئابوری لە ڕووی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانەوە.[٣]

بازاڕگەری بەشداری لە دیاریکردنی سیاسەتی وەبەرهێنانی نەتەوەی دەکات لە ڕووی دیاریکردنی چۆنیەتی ئەو پیشەسازیانەی کە لە جیهاندا هەیە، ودیاریکردنی داواکاری چاوەڕوانکراو لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ چارەسەرکردنی پێداویستیە گرنگ و بنەڕەتییەکان، لەوانە دیاریکردنی کوالێتی و چۆنیەتی پێکهاتەی بەکاربەران لە داهاتوودا.[٤]

بازاڕگەری لە ڕووی گەشەدان بە بواری ئابوری دەورێکی کاریگەری هەیە لە هەموو دونیادا چونکە دەبێتە هۆی بوژانەوەی کەرتی ئابوری بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئەمرۆدا بە هۆی زۆری ئەو بەرهەمانەی کە لە بازاڕەکاندا بونیان هەیە.

---

١. الموسسة العامة للتريب التقني والمهني، مصدر السابق، ص٤

٢.محمد قاسم القريوتي: مبادى التسويق الحديث، ط٢، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان: ٢٠٠٩، ص٢٣

3.Emaily Hunsaker, Role of Marketing on Economic Development, http://bizfluent.com, Updated November08, 2018

٤. عبدالخالق احمد باعلوى: مبادى التسويق، جامعة العلوم والتكنولوجيا، ٢٠٠٩، ص٣٢

### ٣-٢-٢: تێکەڵەی بازاڕگەری (Marketing Mix)

چەمکی پێکهاتەی بازاڕگەری (Marketing Mix) لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن پرۆفیسۆری ئەمەریکی (نییڵ بۆدن -Neil H.Borden)ەوە سەریهەڵدا.[١]

''پێکهاتەی بازاڕگەری بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەگەزی پێکهێنەری پرۆسەی بازاڕگەری کە دامەزراوەکان بەکاریان دەهێنن بە شێوەیەکی هاوتەریب و یەکسان و پلان بۆ داڕێژراو و دیراسەکراو لە پێناو پڕکردنەوەی خواستی بەکاربەران، لە هەمان کاتدا بۆ بە دەستهێنانی ئامانجی دامەزراوەکە''.[٢]

'' تێکەڵەی بازاڕگەری بریتییە لە لە کۆمەڵێک بەرنامە و هەنگاو ئامراز بۆ دابەشکردن و جیاکردنەوە و ساغکردنەوەی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان بە گونجاوترین شێوە لە سیستەمی پلاندانانی کاردا، لەسەر بنەمای توێژینەوە و کۆنترۆڵکردنی پێوەرەکانی کار لە بازارەکاندا و خواست و خستنەڕوو هاوسەنگ دەکات''.[٣]

''پرۆفیسۆر (نییڵ بۆدن) نمونەیەکی لە پێکهاتەی بازاڕگەری پێشکەشکرد کە لە (١٢) ڕەگەز پێکهاتبوو، پاشان (مەکارسی) لە ساڵی (١٩٦٠) ئەو (١٢) ڕەگەزەی کۆکردەوە و ئاوێتەی یەکتریکردن و نمونەیەکی پێشکەشکرد، کە تەنها لە (٤) ڕەگەز پێکهاتبوون (بەرهەم، نرخ، شوێن و برەودان)، کە بە مۆدیلی (4P) ناسرا.''[٤] بەڵام لە دوایدا دەرکەوت کە تەنها بە مۆدێلی (4p) ناتوانرێت ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی سەر بە بەشەکانی کار لە بازاڕدا بکرێت، پاشان پێکهاتەی بازاڕگەری فراوان کرا و لە هەندێ لە سەرچاوەکان بوو بە مۆدێلی (7p).

دواجار زۆرێک لە شارەزایان و توێژەران لەسەر ئەو زیادکردنە هاوڕا بوون، لەسەرو هەموویانەوە شارەزای بواری بازاڕگەری پرۆفیسۆر (Zeithaml) و بیتنەر (Bitner).[٥]

لەم ڕوانگەیەوە تێکەڵەی بازاڕگەری لەم ڕەگەزانەی خوارەوە پێک دێت. بڕوانە شێوەی (١)

---

١.سعدى محمد عارف: دور التسويق الأخضر فى زيادة تنافسية منظمات الاعمال دراسة ميدانية على الشركات الصناعية الغذائية العاملة فط محافظات غزة، رسالة الماجستير غير منشورة، الجامعة الاسلامية، كلية التجارة، غزة: ٢٠١٦، ص٢٩

٢.نەزاکەت حسێن حمە سەعید: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧-٢٨

٣. نەهرۆ عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

٤.نەوشیروان فرج احمد: هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٤

٥. محمود جاسم الصمدعى ،ردينة عثمان يوسف: مصدر السابق، ص٣٠١

١. بەرهەم (Product)

٢. نرخ (Price)


٣. شوێن (دابەشکردن) (Place)

٤. برەودان (بانگەشە) (promotion)

٥. تاکەکان (خەڵک) (People)

٦. پرۆسە (Process)

٧. بەڵگەی ماددی (فیزیکی) (physical evidence)




**شێوەی (١)**

**جۆرەکانی تێکەڵەی بازاڕگەری**

## ٢-٢-٤: تێکەڵەی ڕەواج کردن (Promotion mix)

مەبەست لە تێکەڵەی برەودان (Promotion Mix) ئەو ڕەگەزانەی برەودانن کە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بەکاریان دەهێنن بۆ سەرنج ڕاکێشانی بەکاربەر و ڕازیکردن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، ئەوانیش بریتین لە (ڕیکلام، فرۆشتنی کەسی، بەرزکردنەوەی فرۆشتن، پەیوەندی گشتی، بازارگەری ڕاستەوخۆ)[١] .

بڕوانە شێوەی (٢)

### ٢-٢-٤-١: ڕیکلام (Advertising)

چالاکییەکی ناخودییە لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراوەوە بیرۆکە و کاڵا و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت بەرامبەر بە بڕێک پارە[٢]. '' ڕیکلام گواستنەوەی بیرۆکەیە لەسەر بەرهەمەکان بە مەبەستی کڕینی لەلایەن بەکاربەرانەوە.[٣]'' هەوڵێکی گشتییە بۆ ناساندن، بەرزکردنەوە یان پەرپێدانی ناو یان پێگەی ناوێک کە لە ڕێگەی دامەزراوە ڕاگەیاندنە جیاوازەکانەوە بۆ کەناڵەکانی فرۆشتن دەنێردرێت''.[٤]

ڕیکلامکردن هەندێ بەکارهێنانی هەیە لەوانە: زانیاری پێدان لە بارەی فرۆشتنێک، خزمەتگوزارییەک، شمەکێک، ڕووداوێک (ڕیکلامی پۆلێنکراو)، ئاگاداری بۆ فرۆشتنی تایبەت (ڕیکلامی فرۆشتن)، گەشەکردنی وێنەی کۆمپانیا (ڕیکلامی کۆمپانیا)، گەشەکردنی براندێکی دیاریکراو (ڕیکلامی براند).

ڕیکلامکردن گرنگییەکی گەورەی هەیە و دەتوانێت لە فرۆشتنی شمەک و کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکە هاوکاری دامەزاراوە و ڕێکخراوەکان بێت، وە کڕیاریش بە شێوەیەکی ستاندار لە بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان بڕوانێت.[٥] هەندێک لە پسپۆڕان بە هونەری ناساندن لە قەڵەمی دەدەن، هەروەک فلیپ کوتلەر دەڵێت: ڕیکلام هونەری ناساندنە، کە تێیدا بەرهەمهێنەرەکان لەڕێگەی کارمەندەکانیانەوە هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ ناساندنی ئەو کەل و پەل و خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن، وە بەکاربەرەکانیش بە ناساندنی

---

1 . Armstrong, Gary and et.al. Marketing an Introduction, Thirteen Edition -Global Edition, Pearson Learning Publishing Company، p394

٢. بسام عبدالرحمن المشاقة: اخلاقيات العمل الاعلامي، دار أسامة والتوزيع، عمان: ٢٠١٢، ص١٨٣

٣.نایجل فوستر: المرشد الى الدعاية والاعلان، (ت) جورج خوريا لموسسة العربية للدراسات النشر، اللاردن، ١٩٩١، ص٥

٤.لەیلا محەمەد سلێمان: ڕیکلامکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی:٢٠٢٠،ل١٣

5 .Niraj.Kumar, Integrating Marketing Communications, Mumbai, Himalaya, Publishing House, 2009, p276-277

پێداویستییەکانیان و چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان هاوکارییان دەکەن.[1] ڕیکلام نامەیەکی بڵاوە، یان کارێکی بازرگانییە کە ئامانجی سەرنجڕاکێشانی کەسی خوێنەر یان بیسەرو بینەرە، بۆ هاندانییان لەسەر کڕینی شتی بەرهەم هێنراو یان خزمەتگوزاری پێشکەشکراو.[2]

هەرچەندە ڕیکلام پێناسەی زۆری بۆ کراوە، ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لەو پێناسانە، ئێمەش پێناسەی ڕیکلام دەکەین بەوەی کە ڕیکلام هونەرێکە کە بەرهەمهێن بەکاری دەهێنێت بۆ هاندانی بەکاربەر بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی لە ڕێگای یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

## ٢-٢-٤-٢:جۆرەکانی ڕیکلام

ڕیکلام، وەک بابەتێکی دیاری داهات و هاندانی وەرگر، بۆ بایەخدان بە ناوەرۆکی ڕیکلامەکە و بەمەبەستی بەرەودان بەکاڵا و خزمەتگوزای و پرس و بابەتە کەسێتییەکان و هاندان و سەرنجراکێشان و بڕواپێهێنانی جەماوەر و کۆکردنەوەیان لە دەوری ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی بە چەند جۆرێک بە دیار ئەکەوێت:

### ١. ڕیکلامی چاپکراو

" بریتییە لەو جۆرە ڕیکلامانەی بە شێوەی چاپکراو لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا بە شێوەی جیاواز بۆ بابەتی هەمە جۆر بڵاودەکرێنەوە."[3] ڕیکلامی چاپکراو، توانا و کردنە ئامانجی خەڵکی خوێنەری هەیە، لەسەر بنەمای جوگرافی و بایەخدانی هاوبەش. ڕیکلامی چاپکراو هۆیەکی خێرا و بەربڵاو و ئاسان و کەم خەرجییە و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە". [4]

١. بشير عباس العلاق، علي محمد ربابعة: الترويج و الاعلان التجاري (أسس، نظريات، تطبيقات) مدخل متكامل، الطبعة العربية، الأردن: دار اليازوري العيلمة للنشر والتوزيع ، ٢٠٠٢، ص١٣٥

2 . shams, M.Reza, Reading English Newspapers, Tehran: Kasgan University, 2005, p181

٣.بەهادين ئەحمەد محەمەد: ڕیکلام و پەیوەندی گشتی و بازاڕکردن، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی: ٢٠١٣، لا ٥٦

٤. تەها ئەحمەد: ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و کاریگەرییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی:٢٠٢٠، لا٣٠

### ٢. ڕیکلامی ڕادیۆیی

''ڕیکلامی ڕادیۆیی جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕیکلام، ڕێگایەکی کاریگەرە لە خزمەتگوزاریدا بۆ کردنە ئامانجی گروپێکی خەڵک لەسەر بنەمای شوێن و حەزپێکردنی هاوبەش''.[١] ڕادیۆ کاریگەریەکی خۆنەویستی لەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵک هەیە، هەروەها هێزێکی لە بن نەهاتوی هەیە، کە هەموو کەسێک دەگرێتەوە. پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان گوێگر و ڕادیۆدا هەیە.[٢] '' لەڕیکلامی ڕادیۆییدا، ڕەگەزە دەنگیەکانی وەک دەنگ و وتە، مۆسیقا و کاریگەریی دەنگیی تێدا بەکاردەبرێت''.[٣] ''ڕادیۆ بەشێوەیەکی ڕێژەیی بە ئامرازێکی کۆن دادەنرێت، سەرەڕای پەیدابوونی ئامێر و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن، هێشتا ڕادیۆ ڕۆڵی خۆی وەک خێراترین و ئاسانترین کەناڵی پەیوەندی جەماوەری دەگێڕێ، چونکە ڕادیۆ ناوەندێکی هەرزانە و دەتوانرێت بە ئاسانی هەڵبگیرێت و بگەیەنرێتە ناوچە دورەکان لە هەر جێگایەکدا بن''.[٤]

### ٣. ڕیکلامی مۆبایل

''مۆبایل ئامێرێکی کارا و ئاسانی بواری پەیوەندیکردنە بەشێوەیەک ئەمڕۆ زۆرینەی هاوڵاتیانی وڵاتانی جیهان بەشداری خزمەتگوزاریی مۆبایلن. ئەم ئامێرە سەرسوڕهێنەرە ئامرازێکی میدیایی هەمەچەشنە (Multimedia)، جگە لەوەی کە ئامرازێکی پەیوەندیکردنە، زۆر جار ئامرازێکی وێنەگرتن (کامێرای فۆتۆ و ڤیدیۆ) و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و دەنگ و ڕەنگە، تەنانەت ئامرازێکی ڕیکلامکردنیشە کە زۆر جار کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندیکردن و کۆمپانیا بازرگانییەکان و ڕێکخراو و دامودەزگا جیاوازەکان بۆبڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانیان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەم ئامێرە، چونکە زۆر خێرا و کارایە و بڕی تێچوونی کەمە و لە کورترین ماوەدا دەگاتە دورترین شوێن و زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە''.[٥]

---

١. تەلار صباح عمر: شیکارێکی زمانەوانی ڕیکلامی بازرگانی بینراو و بیستراو، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێجی زمان، ٢٠١٣، ل٩٧

٢. تەلار صباح عمر : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤

٣. زریان ڕۆژهەڵاتی، بنەمای بەرنامە سازیی ڕادیۆیی دروستکردنی دیمەنێک لە دەنگ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕادیۆ نەوا، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠١٣،ل١٢١

٤.مەم بورهان قانع:لە بارەی ڕاگەیاندنەوە،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،سلێمانی:ساڵی چاپی نیە،ل٢٨

٥. بەهادین ئەحمەد محەمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤-٧٥

### ٤. ڕیکلامی ئەلیکترۆنی

"ڕیکلامی ئەلیکترۆنی (سۆشیاڵ میدیا)، مەبەست لەو ڕیکلامانەیە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاوەکراوەتەوە".[١] ڕیکلامی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکی باو و بەرەوپێشچووە بۆ بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاری. ڕیکلامکردن بە ئینتەرنێت یەکێکە لە شێوەکانی بانگەشەی جیهانی، کە ئینتەرنێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت.[٢]" بەراورد بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت خواستی زیاتری لەسەرە، لە هەمان کاتدا هەموو کەسێک بە بێ سانسۆر دەتوانێت ببینێت و بە ئاسانی زانیاری لەسەر ڕیکلامەکان دەستبکەوێت. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامێرە تەکنیکیەکان و پەیدا بوونی جۆرەها شاشەی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، خواست لەسەر ڕیکلامی ئینتەرنێت زیاتر بووە.[٣]" ڕیکلامی ئەلیکترۆنی شێوەی زۆری هەیە وەک ڕیکلامی ئاڵا و ڕیکلامی وێنەیی، کە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا دەردەکەون. بازاڕی ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکان بە خێراترین و گەشەکردوترین شێوەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی دەژمێردرێن، وەک ماڵپەری فەیسبووک و تویتەر و یاهوو".[٤]

### ٥. ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

ڕیکلامی تەلەفزیۆنی شێوەیەکە لە شێوەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ شتومەک و کاڵا و خزمەتگوزاریەکان. [5] ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کاریگەری زیاتری هەیە، ئەمەش بۆ شێوەی ڕیکلام و میکانیزمی بازاڕ و بەرزبونەوەی نرخی تۆڕەکانی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە. زۆربەی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان وا لە بینەر دەکەن کە پەیوەندی بکەن بۆ کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت.

---

١. بەناز احمد محمد: هونەری نەخشەسازیی لەبەرهەمهێنانی ڕیکلامی ڕۆژنامەوانیدا، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٧، ل٢٢

٢. تەلار صباح عمر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩

٣.دڵشاد مستەفا: ڕیکلام لە ماڵپەرە کوردییەکاندا، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژمارە (٣٣-٣٤)، بەهاری ٢٠١٤، ل٢٢٠-٢٢٢

٤. تەلار صباح عمر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩

5 .Rauf Kareem Mahood, Alingistic Analyaia Of Televised Advertisements In English And Kurdish: Aconthas Tivestudy, University of Bagdad, 2008, p5

## ٢-٢-٤-٣:ئامانجەکانی ڕیکلام

ئامانجی ڕیکلام لە پێناو مەبەستێکی دیاریکراودایە، هەنگاوی یەکەم بە وشیارکردنەوە دەستپێدەکات و بەکڕین کۆتایی دێت.[1] "ڕیکلام هەڵگری ئامانجێکی سەرەکییە ئەویش هاندان و سەرنجڕاکێشانی وەرگرە بۆ مەبەست و ئاڕاستەیەکی دیاریکراو"[2] بەگشتی ئامانجەکانی ڕیکلام لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:

١. **ڕیکلامی بیرهێنانەوە (Remainder)**

ئەم جۆرە ڕیکلامە پەیوەستە بەو جەماوەرەی کە پێشتر ئاشنای بابەتی ڕیکلام بۆکراوەکە بوون، مەبەست لێی، بیرهێنانەوەی خەڵکییە بۆ بابەتەکە و هێشتنەوەی وێنەی خۆی لە هزری کڕیاراندا، ئامانجی ئاگادارکردنەوەی خەڵکە.[3] ڕیکلامی بیرهێنانەوە مەبەستی بیرهێنانەوەی جەماوەرە بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆ کراوەکان، کە بەهۆی سەرقاڵییان ئەگەری هەیە لە بیریان چوویێتەوە.[4] ڕیکلامی بیرهێنانەوە ئامانجی بیرهێنانەوەی بینەرە بە بەرهەمێکی ناسراو، کە ماوەیەکی درێژ بەسەر ڕیکلام و بەرهەمهێنانیدا بەسەرچوو بێت.[5]

٢. **ڕیکلامی زانیاری بەخشین (Information)**

ئامانجی ئەم جۆرە ڕیکلامە، ناساندنی بەرهەمەکەیە بە بەکاربەر لەگەڵ تایبەتمەندی و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکە یان چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمێکی نوێ، کە پێشتر خراوەتە بازاڕەوە.[6]

٣. **ڕیکلامی قایلکردن (Persuasion)**

ڕیکلامکردن تەنها ئامانجی دابینکردنی کەل و پەل و خزمەتگوزاری و بیرۆکە نیە، بەڵکو بەدوای قایلکردنی بەکاربەردا دەگەڕێت بۆ کڕینی شمەک و خزمەتگوزارییەکان.[1]

---

1 .Zikmund G.William and Amico D.Micheal, Effective Marketing Greating and Keeping Customer, Thoson Learning, New York, 2002, P381

٢.هەڤاڵ ئەبوبکر: چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەویان لە "ژیان و ژین"دا (١٩٣٢-١٩٥٠)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، ٢٠٠٦، ل١١٢

٣. نورالدين النادى، نجم عبدشهيب، الدعاية الاعلان فى السينماء والتلفزيون، ط٢، مكتب مجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان: ٢٠٠٦، ص٣٢

٤. نبيل حسين النجارى: الإعلان و المهارات البيعية، الشركة العربية للنشر والتوزيع، القاهرة: ١٩٩٦، ص ٥٨

٥. نورالدين النادى، نجم عبدشهيب: الدعاية الاعلان فى السينماء والتلفزيون، ط١، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع ، عمان: ٢٠٠٥، ص١٠٢ ص١٠٢

٦. على فلاح الزعبى: إدارة الترويج و الاتصالات التسويقية، دار الصفاء للنشر والتوزيع ،عمان: ٢٠٠٩، ص٣٥

## ٢-٢-٤-٤: ڕۆڵی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

''بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لە ڕێی ڕیکلامەکانیانەوە لەگەڵ یەکتریدا کەوتونەتە کێبڕکێ، لە ساڵی (١٩٨٣)، یەکەم ڕیکلامی تەلەفزیۆنی نیشاندراوە، وە ئامانج لەو کارەش بەمەبەستی نیشاندانی کاڵاکانی فرۆشیار و نیشاندانی چۆنایەتییەکەیەتی لە چاو کاڵای فرۆشیارەکانی دیکەدا، مەبەستی سەرەکیش لەو کارە ئەوەیە کە کڕیارەکان باشتر و زیاتر ڕاکێشن بۆ لای کاڵاکانیان''.[٢]

تەلەفزیۆن وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی داهات پشت بە ڕیکلام دەبەستێت، ڕەنگە ئەمەش پاڵنەرێکی کاتی بێت، بەڵام ئەم پاڵنەرە لە ساتەوەختی دروست بونی تەلەفزیۆن تاوەکو ئێستا بەردەوامی هەیە .[٣]

سەرەڕای ئەوەی تەلەفزیۆن تەمەنێکی کەمی هەیە بەڵام گەر بەراورد بکرێت بە هۆیەکانی تری ڕیکلامکردن، ئەوا دەبینین لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا توانیویەتی ببێتە گرنگترین هۆیەکانی ڕیکلام، لەبەرئەوەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی پشت دەبەستێت بە هێزی پاڵنەرە هەستییەکان.[٤]

لەلایەکی دیکەوە ئەو جیاوازیەی تەلەفزیۆن کە وەک باشترین ئامرازی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامکردن دەناسرێت، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: پەیوەستە بە خودی تەلەفزیۆنەوە، کە بوەتە ئامرازێکی سەرەکی کات بەسەربردن و بەشێکی زۆری بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان پێک دەهێنێت و جێگای بایەخی بینەرن.

دووەم: پەیوەندی بە خودی تەلەفزیۆنەوە هەیە وەک ئامرازێکی پەیوەندیی، جەماوەری هەیە، کە سەرجەم تایبەتمەندییەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی لە خۆ گرتووە وەک دەنگ لە ڕادیۆ و بینین لە ڕۆژنامە، تایبەتمەندیی جوڵە و بەکارهێنانی کارتێکەرەکانی جوڵە و دەنگەکان، کە ئەمانەش کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکەن.[٥]

لێرەوە دەتوانین پێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بکەین بەوەی کە ''هەوڵێکی پەیوەندیکردنی گشتی و ئاڕاستە کراو و پلان بۆ داڕێژراوە لە لایەن ڕیکلامکارەوە بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو بە مەبەستی هاندانیان بۆ کڕینی کاڵا

---

١. منى الحديدى: الاعلان، الدار المصرية اللبناية، ط٢،٢٠٠٢ ، ص٤٢

٢.بەهادین محەمەد: شێوازەکانی ڕیکلام کردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا،گۆڤاری ڕایەن، بەهاری (٢٠٠٤) ژمارە ١٢، ل١١٢

٣. جون ميرل ،رالف لوينشتاين: الاعلام وسيلة، دار الريغ للنشر ، الرياض: ١٩٨٩، ل ١٠٤

٤.رانيا ممدوح صادق: الإعلان التلفزيون (التصميم و الإنتاج)، ط١، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان: ٢٠١٢، ص١٥

٥.نورالــدين احمــد النــادى، والاخــرون: الإعــلان التقليــدى و الالكــترونى، ط١، مكتبــة المجتمــع العــربى للنشرــوالتوزيــع، عمــان: ٢٠١١، ص١٨٨

یان وەرگرتنی ڕەفتارێکی دیاریکراو لە بەر ڕۆشنایی ئامانجی ڕیکلامەکەدا''.[1] یان ڕیکلامی تەلەفزیۆنی ''بریتییە لەو چالاکییەی پەیامی بینراو و بیستراو بە جەماوەر پێشکەش دەکات بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانیان لە پێناو کڕینی کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک لە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو''.[2] یاخود ڕیکلامی تەلەفزیۆنی تەنها چالاکییەکی بازرگانییە و پەیوەستە بە فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە.[3]

لە کۆی ئەو پێناسانەی دەگەینە ئەوەی کە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی:

١. ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی، بە شێوەیەکی سەرنجراکێش پەیامەکانی ئاڕاستەی بینەران دەکات.

٢. بەهۆی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و فراوانی پەخشەوە ئاڕاستەی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر دەکرێت لە یەک کاتدا.

٣. بڕواهێنان بە جەماوەر بۆ بەکاربردنی کاڵاکە یان قبوڵکردنی خزمەتگوزاریەک بە بەکارهێنانی شێوازی هونەری و دەروونی.

٤. ڕیکلامی تەلەفزیۆنی ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی بینەرە و هەوڵی پاراستنیان دەدات.

## ٢-٢-٤-٥: لایەنە ئەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

١. ڕیکلام دەتوانێت بەشداری بکات لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەمەبەستی دروستکردنی ڕایگشتی، ئەویش بەسەرنجدان لە ڕیکلامی خزمەتگوزاری لە ڕێگەی کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

٢. سەرنجدان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، یەکێکە لە سوودەکان و لایەنە ئەرێنییەکانی چالاکی ڕیکلام، کە ئەمەش لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەکرێت.[4]

٣. ڕیکلام دەبێتە هۆی نزیکبونەوەی نەتەوەکان و ئاشناکردنیان بە نەریت و شێوازی ژیانی یەکتری، دەبێتە هۆی چاندنی نەریتی نوێ لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە.[5]

٤. دەبێتە هەوێنی داهێنان و بیرۆکەی نوێ، ئەمەش دەبێتە هۆی باشکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە.[6]

١. نورالدين احمد النادی، والاخرون :مصدر السابق، ص١٨٨

٢.مظفر مندوب،الاعلان :فی وسائل الاعلام، (د.ن) ،بغداد:٢٠٠٣،ص٥٢٧

٣.فهد عبدالرحمن الشميمری: التربية الاعلامية (كيف نتعامل مع الاعلام)، ط١، مكتبة ملك فهد الوطنية، الرياض ،٢٠١٠، ص١٢٧

٤.زهير عبدالطيف عابد: مبادی الإعلان، ط١،دار اليازوری العلمية، ٢٠١٤، ص ١٢٩

٥.بشير عباس العلاق: علی محمد ربابعة: الاستراتيجيات التسويقية فی الانترنت،دار المناهج للنشر والتوازيع،عمان:٢٠٠٩ ، ص١٤٦

٦.فهد بن عبدالرحمن الشميمری: مصدر سابق، ص١٢٠

٥. تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەوەی کە هۆکارێکی کات بەسەربردنە، لەهەمانکاتدا هاورێیەکی نزیکە لە ناو ماڵدا، ئەمەش وا لە بینەر دەکات زیاتر نزیک بێتەوە لە شاشە.[١] زۆر کەس سەیری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەکات بەمەبەستی سەرگەرمی و کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن.[٢]

٦. ئاراستەی هەردوو هەستی بینین و بیستن دەکرێت بە بەکارهێنانی نوسین و دەنگ و وێنەی جوڵاو، کاریگەری لەسەر بینەر و جەماوەر دادەنێت و سەرنجی ڕادەکێشێت بە تەواوی و بیرۆکە ڕیکلامییەکان لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە.[٣]

٧. "سود لە هونەرمەندان و کەسانی کۆمەڵایەتی و پسپۆران وەردەگیرێت بۆ سەرنجڕاکێشان و بایەخپێدان و باوەڕپێهێنانی بینەران بە ناوەڕۆکی بابەتە ڕیکلامییەکان".[٤]

٨. ئامرازێکی گرنگ و پڕبایەخی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە و هەواڵ و بەرنامەکانی هەمەچەشنەیە .[٥]

٩. تێگەیشتن لە پەیامی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان خوێندەوارییەکی زۆری پێویست نییە.[٦]

١٠. دوبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان بۆ چەندین جار لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەبێتە هۆی جێگیرکردنی ڕیکلامەکان لە مێشکی بینەردا و کاریگەریی لەسەری دەبێت. [٧]

### ٢-٢-٤-٦: لایەنە نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ناساندن

١. نرخی ڕیکلام لە تەلەفزیۆندا بە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن تێچووی دارایی زۆرە، کرێی ڕیکلامەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن بەرهەمەکان.[٨] بەشێوەیەکە هەموو خاوەن بەرهەمێک ناتوانێت ناتوانێت ڕیکلام لە تەلەفزیۆن بڵاوبکاتەوە.[٩] هەرچەندە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی

---

١.سامی ژوبیان:دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆژانە و ڕاگەیاندن،و.هاوژین عومەر:چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆک:٢٠٠٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

٢.خلود بدر غیث: الاعلان بین النظریات والتطبیق، ط١، دار الاعصار العلمی للنشر والتوزیع، عمان:٢٠١١، ص٣٥

٣.سامی العزیز: صفوت العالم، نهلة الحفناوی، فن الإعلان، مطبعة جامعة القاهرة، ٢٠٠٢، ص١١٩

٤. بەهادین ئەحمەد محەمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨

٥.کارزان محمد: سانسۆری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی:٢٠١١، ل٦٦

٦. سامی ژوبیان: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

٧. محمد أبو سمرة: إدارة الإعلان التیجاری، ط١، دار أسامة للنشر والتوزیع، عمان:٢٠٠٩، ص١٤٧

٨. منی سعید الحدیدی واخرون : مصدر سابق، ص١١٨

٩. سامی العزیز واخرون: مصدر سابق، ص١١٩

ڕیکلامەکە و کات و شوێنی پەخشەوە تێچووی زۆرە، بەڵام دواجار تێچووی سەیرکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بۆ تاک زۆر کەمە.[1]

٢. زۆرجـار بـێزارکەرە، بەهـۆی زیـادەڕەوی و دوبـارەکردنەوەی ناپێویسـت و پیشـاندان و گەورەکـردن و نیشاندانی تەنها لایەنە باشەکانی کەرەستەی ڕیکلام بۆ کراوو.[2]

٣. "ڕیکلام کاریگەری لەسـەر ئاکار و ڕەوشـتی وەرگـر دەکات، بەوەی کە زۆربەی بینەران لەو بـاوەڕدان کە ڕیکلامی تەلەفزیـۆنی تەنهـا چـالاکییەکی بازرگانییە پەیوەنـدی بە کـڕین یـاخود نەکـڕینی کاڵاوە هەیە، بەڵام ڕیکـلامی تەلەفزیـۆنی پەیـامێکی پەیوەنـدیکردنی بـاوەڕپێهنەرە و کـاریگەرە و سروشـتێکی دولایەنەی هەیە: یەکەمیـان پەیوەنـدی بە کـاڵاوە هەیە، دووەمیـان پەیوەنـدی بە بەهـا و ئاڕاسـتەکان و هەڵسـوکەوتی مرۆڤەکانەوە هەیە".[3]

٤. بەهـۆی ڕکـابەری بەرهەمهێـنەرانەوە، زۆر بـوون و کەڵەکە بـوونی مـاددەی ڕیکـلامی لە تەلەفزیۆنەکـان دروسـت دەبێـت، لەبەر ئەوەی خـاوەن ڕیکلامەکـان دەیانەوێـت لە کـاتی ئاڵتونیـدا ڕیکلامەکانیـان پەخـش بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ڕیکلامەکان و ئاڵۆزی لای جەماوەر دروست دەکات.[4]

٥. سنورداریی سەرنجڕاکێشانی جەماوەر، هەندێ جار ڕەچاوی لایەنی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی تێدا ناکرێت و زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت،[5] "بینەرانی تەلەفزیۆنیش بە هۆی زۆری ڕیکلامەکان تەماشای تەماشای هەموو ڕیکلامەکان ناکەن، بەهۆی نەگونجانیان لە ڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە".[6]

## ٢-٢-٥: فرۆشتنی کەسی (Personal Selling)

"بریتیە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان فرۆشیار و کڕیار لە یەک کاتـدا، لە فرۆشـتنی کەسـیدا فرۆشـیار نزیکە لە بەکاربەران. لە فرۆشتنی کەسیدا فرۆشیار جگە لە ئەرکی فرۆشتنی بەرهەمەکان ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە سەر بەکاربەران، بەو هۆیەوە دەتوانرێت پەیوەندی و حەزی بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمەکان

١.مجد فريد الصحن: الإعلان، مطبعة دار الجامعية، لاسكندرية: ٢٠٠٥، ص٢١٦
٢.مجد الهاشمي: لاعلام الدبلوماسي والسياسي،ط١، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان:٢٠٠٩، ص٨٩
٣. تەها ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢-٦٣
٤. منى سعيد الحديدي واخرون: مصدر السابق، ص١١٨
٥.بەهادین ئەحمەد محەمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩
٦.ئەحمەد قادرعلی:ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا)،نامەمەی ماستەر بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی سلێمانی ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ،بەشی ڕاگەیاندن،٢٠١٧، ل٥٧

دیـاری بکـات".[١] فرۆشــتنی کەسی هەوڵی دۆزیـنەوەی کـار و ئاگـادارکردنەوە و ڕازیکـردن و هێشـتنەوەی پەیوەنـدی دەدات.[٢]"ناسـاندن و پێشکەشـکردنی کاڵایەک لە پـێش چـاوی بەکاربەران، لەگەڵ ناسـاندنی تایبەتمەنـدیەکانی بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـۆ کـاریگەری خسـتنە سـەریان و بەدەسـت هێنـانی لەلایەن کڕیارانەوە".[٣]

## ٢-٢-٦: بەرزکردنەوەی فرۆشتن (Sales Promotion)

چالاککردنی فرۆشتنە بەشێوەیەکی کورت خایەن، بەمەبەستی سود وەرگرتن بۆ ماوەیەکی کاتی، بۆ زیاد کــردنی ڕێــژەی فرۆشــتنی بەرهەمەکـان ئەنجـام دەدرێـن. بەرزکــردنەوەی فرۆشــتن لەڕێــگەی ئــامرازە جۆراوجۆرەکانەوەیە کە دەبـنە پـاڵنەر بـۆ کـڕین و کـاریگەری بە خـێرایی دەبێـت ئەویـش بەمەبەسـتی خـێرا ئەنجامدانی کرداری کڕین لەلایەن بەکاربەرانەوە.[٤]

ئەم ئامرازەی برەودانە لەو کاتانەدا بەکاردەهێنرێت کە فرۆشیار هەست دەکات ئاستی فرۆشتنی دابەزیوە، ئەمەش زیاتر لە کاتی گۆڕانی وەرزەکان یان کۆن بوون و مانەوەی بەرهەمەکان بۆ ماوەیەکی زۆر و دەرکەوتنی بەرهەمی نـوێ، یـان لە کاتێک کە گۆڕانکاری لە حەز و سـەلیقەی کڕیارەکانـدا ڕوو دەدات. بەرزکـردنەوەی کرداری فرۆشتن بە چەند شێوازێک دەبێت وەک، دوو بەرهەم بە نرخی یەک بەرهەم، بەرهەمێک بکڕە و دیـاریەک وەربگـرە، دابەشـکردنی نمـونەی بەرهەمێـک بەخـۆڕایی، بڵاوکـردنەوەی بلیـتی داشـکاندن بـۆ بەرهەمەکان و تیروپشکی خۆڕایی.[٥]

## ٢-٢-٧: پەیوەندی گشتی (Public Relations)

بە بەشـێکی گرنـگ و بـنەڕەتی و چـالاکی بـرەودان دادەنرێـت. پەیوەنـدی بەهـێزی لەگەڵ بەکـاربەر و دامەزراوەکانـدا هەیە. ئەم ڕەگەزەی بـرەودان جیـاوازە لەڕەگەزەکـانی دیـکەی (ڕیکلامی بازرگـانی، فرۆشـتنی کەسی، چـالاک کـردنی بـڕی فرۆشـتن)، لەبەرئەوەی ئەم جــۆرە بێ بەرامــبەر بڵاودەکـرێتەوە. پێویســتە

---

١. نەهرۆ عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٧

2 .Ferrell, O.C and Hartline, Marketing Strategy, Mason ohio-United states of America, Fifth Edition, published by South-Western Cengage Learning, 2012, p308-309

٣. جمیل عبدالکریم عبداللە، زانا مجید صادق: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨

4. Jam Blythe, Essentials of Marketing, Gosport-United Kingdom, Third Edition.Ashford Color press,2005, p.226.

٥. محمد حافظ حجازی:المقدمة فی التسویق،دار وفاء النیا الطباعة شالنشر،الاسکندریة:٢٠٠٥، ص ٢٨٤

هەواڵەکان ئاڕاستە بکرێت بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەکاربەران بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی ڕێکخراوەکە و ئەو کاڵاو خزمەتانەی کە بازرگانی پێوە دەکەن.
بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لە ئامرازەکانی سیاسەتی کۆمۆنیکەیشنی کۆمپانیاکان کە بە هۆیەوە زانیارییە پێویستەکان لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بە خێرایی دەگەیەنێتە بەکاربەرەکان. پەیوەندییە گشتیەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی شوێن و کات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناکرێت، بەڵکو پەیامەکانی لە دەزگاکاندا وەک هەر ڕووداوێکی دیکە بڵاو دەکرێتەوە.[١]

## ٨-٢-٢: بازاڕگەری ڕاستەوخۆ (Direct Marketing)

"بەهۆی گەشەکردنی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە، جگە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان، تەنانەت لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ شێوازی فرۆشتن بێ یارمەتی هیچ نێوەندکارێک لە ڕێگەی تۆرەکانی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت".[٢]
بەیەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی بازاڕگەری پێناسە دەکرێت. پشت بەو ڕێگایانە دەبەستن کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە بەکاربەرەوە، لەجیاتی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕیکلام، پشت بە توانا و لێهاتووی کەسی بازاڕگەر دەبەستێت. پەیوەندییەکی ڕووبەڕووە و کارلێک دەکات لە نێوان بازار و کڕیاردا.[٣] بازاڕگەری ڕاستەوخۆ، پێشکەش کردنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانە بە بەکاربەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە بێ نێوەندگیری.[٤] دروستکردنی پەیوەندیە لەگەڵ بەکاربەراندا بۆ پێشکەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ بە ئامانجی بەدەستهێنانی فرۆشتن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. بۆ ئەو مەبەستەش تەکنیک و شێوازی جیاواز بەکاردەهێنرێت وەک؛ ئیمەیڵ، تەلەفۆن، پێشانگا، ڤیستیڤاڵ، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کڕیارەکانەوە بکات.[٥] گەشەکردنی بازاڕگەری ڕاستەوخۆ بەپێی قۆناغە جیاوازەکان، تایبەتمەندنی و ناولێنانی ناولێنانی جیاوازی بە خۆوە بینیوە. لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا پێیوتراوە (داوای پۆستەیی)، لە

---

١.ثامر البكري: الاتصالات التسويقية والترويج، عمان: دار والمكتبة الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦، ص٨٣
٢. نەهرۆ عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١-٤٦٢
٣. ابراهيم الفقى: لاسرار التسويق الاستراتيجى، ابداع للنشر والتوزيع، القاهرة: ٢٠٠٩، ص١١١
٤. لەیلا محەمەد سلێمان: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣
5 .Halit karaxha, Sejd Tolaj, Arjan Abazi, The Role of Direct Marketing in Relation with the Consumers in Kosovo, Kosovo, ILRIA International Review- Vol 6 , No 1(2016) , p 49

ماوەی نێوان سالانی (١٩٦٠-١٩٧٠) ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ (پۆستی ڕاستەوخۆ، بازاڕگەری پۆستی ڕاستەوخۆ، وەلامی ڕاستەوخۆ، بازاڕگەری راستەوخۆ). لە سالی (١٩٨٠)دا چەند ناوێکی تری بەخۆیەوە بینیوە وەک (داتابەیس بەبازاڕکردن، پەیوەندی بازاڕگەری، بازاڕگەری دلسۆزی). وە لە دوای سالی (١٩٩٠)ەوە ناوەکانی (بازاڕگەری یەک بۆ یەک، پەیوەندی و بۆندی کڕیار)ی بۆ بەکار هاتووە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا بووەتە بابەتێکی زانستی و توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت.[1] بازاڕگەری ڕاستەوخۆ لە بنەڕەتەوە لەسەر پرنسیپەکانی متمانە و پابەندبوون بونیادنراوە. دەبێت وەک پێداویستی بنەڕەتی پێش وەخت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا هەبن.[2]

**بازاڕگەری ڕاستەوخۆ چەندین شێواز لە خۆ دەگرێت، لەم خالانەدا ئاماژەیان پێدەدەین:**

**١. فرۆشتنی ڕووبەڕوو**

ئەم جۆرەی بازاڕگەری ڕاستەوخۆ بە فرۆشتنی کەسی ناودەبرێت، برتییە لە تێکەلەیەکی بازاڕگەری و ڕۆلی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەکەدا و سەرجەم پێکهاتەکانی بازاڕگەری (بەرهەم Product، نرخ Price، شوێن Place، بانگەشە کردنPromotion) لە خۆ دەگرێت و لە یەک کاتدا و بە یەک هەنگاو تەواوی پرۆسەی بازاڕگەری ئەنجام دەدات.[3]

**٢. بازاڕگەری لە ڕێگەی نامەی تەلەفۆنی(SMS)**

بەهۆی بەربلاوی و بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆبایل لە سەرانسەری جیهاندا، کۆمپانیا بازرگانییەکان لە ڕێگەی کورتە نامەوە کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان بە بەکاربەرە جیاوازەکان دەناسێنن. یەکێک لە باشییەکانی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە تێچووی کەمە و خێرایە لە گەیاندندا.[4]

**٣. بازاڕگەری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی**

یەکێکە لە شێوازە کارتێکەرەکان و پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی زارەکییە کە کەسی بازاڕگەر ڕاستەوخۆ تەلەفۆن بۆ بەکاربەران دەکات و زانیاری لە بارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی ئاڕاستە دەکات. یەکێک لە

1 .Halit karaxha ،same Source, p51

٢.حمید الطائي واخرون:مصدر السابق، ص١٠٧-١٠٨

٣.خلیل ولید: دور التسویق المباشر في تحقیق والزبون، مذكرة مقدمة ضمن متطلبات نیل شهادة الماجستر تسویقیة، ٢٠١٦، ص٢٥

4 . Dennis Hanson Costa, the use of sms Technolgy as Tool for Direct Marketing, Read-Revista Eletronica de Administracao, marzo-abril,2005, p44

باشیەکانی ئەمجۆرەی بازاڕگەری، گەڕاندنەوەی کات و گەیشتنە بەو بەکاربەرانەی لە ڕووی جوگرافییەوە دوورن و گەیشتن پێیان ئەستەمە.[١]

**٤. بازاڕگەری ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

بریتین لە چەند تۆڕێکی کۆمەڵایەتی چالاک، کارئاسانی دەکەن بۆ بوارە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکان و لە ڕێیەوە دەتوانرێت هاوڕێ و دۆستە کۆن و نزیکەکان پەیوەندی ببەستن و جارێکی دیکە یەکتر ببیننەوە، کە بەشێوازی دەنگ و ڕەنگ و نوسین و وێنە گفتوگۆ بکەن و پەیوەندییەکانیان پتەو بکەن. لە بواری بازاڕگەریدا وەک هەموو بوارەکانیتری ژیان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە و لە ڕێگەیەوە کۆمپانیا و بازاڕگەران پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەردا دەبەستن بە مەبەستی ناساندن و ڕیکلام بۆ کردن و پیشاندان و فرۆشتنی کالا و بەرهەمەکانیان و بەکارهێنانی ئەو تایبەتمەندیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن.[٢]

**٥. بازاڕگەری لە ڕێگەی کەتەلۆگ**

لە ناو کەتەلۆگێکی تایبەتدا زانیاری و وێنەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان چاپ دەکرێن و ڕاستەوخۆ دەدرێنە دەست بەکاربەر، لە ناویدا ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن دەنوسرێت بە ئامانجی پەیوەندیکردن.[٣]

**٦. بازاڕگەری لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە**

لەم شێوازەدا، ڕاستەوخۆ و لە تەلەفزیۆنەوە داوا لە بەکاربەر دەکرێت بۆ داواکردن و وەرگرتنی زانیاری لە بارەی شمەک و خزمەتگوزاریی و پیشاندراوەکان، پەیوەندی بکەن بە ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشان، کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەوێت.[٤]

**٧. بازاڕگەری لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی (Email)**

بەشێک لە بازاڕگەران هەڵدەستن بە ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی، کە لە ڕێگەیەوە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان و شوێنی دابەشکردنیان دەناسێنن بە بەکاربەران. ئەم جۆرەی بازاڕگەری ڕاستەوخۆ لە

١.خلیل ولید:مصدر السابق، ص ٢٦
٢.میلودی محمد، یاحی فاطمة الذهراء: دور مواقع التواصل الاجتماعی فی تعزیز عملیة التسویق الاکترونی، المجلة الدولیة للدراسان الاقتصادیة، مجلة دوریة عملیة محکمة،عدد السادس، ٢٠١٩، ص ١٤٠
٣.فلیب کوتلر: یتحدث عن التسویق، (ت)فیصل عبدالله بابکر، مکتبة جریر، (د.ت)، ص ١٢١
٤. طارق طه: مصدر سابق، ص ٧٢٢-٧٢٤

ئێستادا زۆر بەربڵاوە و بەهۆی بەربڵاوی تۆڕەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەوە. ئەم جۆرە نامانە دەتوانرێت لە یەک کاتدا جۆری بەرهەمەکە بە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگ و وێنە بۆ بەکاربەر ڕوونبکاتەوە.[١]

**٨. بازارگەری لە ڕێگەی ئامێری فرۆشتنی ئۆتۆماتیکییەوە**

لەم جۆرەدا فرۆشتنی بەرهەمەکان لە ڕێگەی ئامێرەوەیە بە بێ هەبوونی هیچ پەیوەندییەکی کەسی لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا، ئەم جۆرە فرۆشتنە (٢٤) کاتژمێر کاردەکات.[٢]

**٩. بازارگەری لە ڕێگەی پۆستی ڕاستەوخۆ**

یەکێکە لە شێوازە باوەکان و بە هۆیەوە ڕیکلامێکی دیاریکراو دەنێردرێت بۆ بەکاربەری بە ئامانجکراو، کە لە ڕێگەیەوە زانیاری تەواو لە بارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی پێدەگات، وەک بانگهێشتنامە بۆ کڕینی خزمەتگوزاریەکە یان تاقیکردنەوە و سوود لێوەرگرتنی.[٣]

**١٠. بازارگەری (Business-to-Consumes Sales)(B2C)**

ئەم شێوازەی بازارگەری، ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدرێت ئەو بەشە لە جەماوەر بکرێتە ئامانج کە دڵنیان کڕیار یان بەکاربەری بەرهەمی کۆمپانیاکانن، ئەم جۆرە لە بازارگەری لە دونیایی ئینتەرنێتدا ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی و بایەخی زیاد دەکات.[٤]

بە تێڕوانین و ووردبونەوە لەو شێوازانەی بازارگەریی ڕاستەوخۆ کە باسکران، وای دەیدەبینین کە بەکارهێنانی هەر شێوازێکیان و بە هەر ئاستێک لەلایەن دامەزراوەکانەوە، پەیوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، وەک جۆری کاری دامەزراوەکە و توانا و قەبارەکەی هۆکاری کاریگەری و تایبەتمەندێتی هەریەکە لەو شێوازانە.

لەبەرئەوەی تەلەفزیۆن تاکە ئامرازێکی بازارگەرییە کە بۆ ڕیکلامکردن بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر فۆکەس لەسەر ڕیکلام دەکرێت وەک ئامرازێکی دۆزینەوەی بازاڕ لەلایەن تەلەفزیۆنەکانەوە بۆ پیشە و تواناکانی ژنان.


---

١.بشيرالعلاق: تطبيقات الانترنيت في التسويق، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان: ٢٠٠٣، ص٩

2 . Niraj.Kumar، same Source, p576

٣.حميد الطائي: البيع الشخصي والتسويق المباشر، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان: ٢٠٠٩، ص ١٢٤

٤.لەیلا محەمەد سلێمان: بازارگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆشکی سەرا، سلێمانی:٢٠٢٠، ل٧٤




**شێوەی (٢)**

**تێکەڵەی ڕواج کردن**

ئەم توێژینەوەیە تایبەت نیە بە کار و پیشە دەستییەکانی ژنان، تەنها وەک گۆڕاوێکی ناونیشانی توێژینەوەکەم و ناساندێک بۆ جۆرەکانی کاری دەستی ژنان ئەم بابەتەم باسکردووە بۆیە زۆر نەچوینەتە ناو ووردەکاری بابەتەکەوە.

## ٤-٣: تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بە پیشەی ژنان

کۆمەلگەی کوردەواریش کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە کۆمەڵگەکانی تر جیادەکرێتەوە. بێگومان چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵەش هەریەکە و بەپێی ئەو ئەرک ومافانەی کە هەیانە ڕۆڵ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبینن. بێگومان ئافرەتیش وەکو توێژێکی سەرەکی لە بونیاتنانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و شانبەشانی توێژەکانی تر هەڵسوکەوت دەکات و بوونی خۆی تاڕادەیەکی باش لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا نیشانداوە.[١]

''هەر لەسەرەتاوە ژن زەحمەتکێش بووە و گەلێک ئەرکی لەسەر شان بووە، وەک ئەوەی کە دایکە، منداڵ بەخێوکەرە، کارکەرە، لە ناو ماڵ و دەرەوەشدا هیچ کاتێک هۆش و لەشی ژن لە هی پیاو کەمتر نەبووە، بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە وایکردووە کە وەک پاشکۆی پیاو مامەڵە و سەودای لەگەڵ بکرێت. ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و سەیرێکی بارودۆخی کوردەواری لەو کاتەدا بکەین و تێڕوانینێکی خێرا لەسەر ڕەوشی ژن و ڕۆڵی لە کۆمەڵدا بخەینە ڕوو، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژنی کورد وەکو زۆربەی ژنانی جیهان بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی و جەور و ستەمی کۆمەڵ بوونەتەوە، هیچ کاتێک خاوەن دەسەڵات و بڕیاری کۆتایی تایبەت بە خۆی نەبووە، بەڵکو هەمیشە وەک پاشکۆیەکی پیاو سەیرکراوە''.[٢]

ژنان گرنگییەکی گەورەییان هەیە لەسەرجەم ئاستە لۆکاڵی و جیهانیەکاندا، چونکە تایبەتمەندیەکی مەزنیان هەیە و نیوەی کۆمەڵگەن، سەرباری ڕۆڵە سروشتییەکانی خۆی. هەروەها ژنان لە کۆمەڵگەدا بەشێکی گرنگی

---

١.عەدالەت عومەر صالح: ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر:٢٠٠٢، ل٨٩

٢. هەرمن شێرکۆ نصرالدین: فشارە پیشەییەکانی سەر ڕاگەیاندنکاری ئافرەت لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٥، ل٨٦

کەرتی دانیشتوانیان پێکهێناوە. لەبەرئەوە فەرامۆش کردنی بەشداری ژنان لەسەرجەم پرۆسە و قۆناغەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، زیان لە کۆمەڵگە دەدات.[١]

"لەبەر ئەوە پێویستە ژن لە هەموو بارودۆخێکدا، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی و مافەوە سەربەست بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ناخی کۆمەڵگەدا بەرپا بێت و هاوکات ببێتە پارسەنگ و لایەنێکی مەسەلەی ئەو ڕزگار بوونە گشتیەی تێکرایی کۆمەڵ لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕۆشنبیرییەوە."[٢]

"لەم نێوەندەشدا ژنان دەیانەوێت شان بەشانی پیاو بەشداریەکی چالاک لە بواری ڕامیاریدا بکەن و بوونی خۆیان لەو بوارەدا بسەلمێنن. بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەمتر ڕوویداوە کە ژنان مۆڵەتیان پێ درابێت لە چالاکیە سیاسیەکاندا بەشداری بکەن، بەڵکو هەمیشە بە شێوەی ڕەسمی یان نارەسمی لەو چالاکیانە دوورخراوەتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بڕوا بە تواناکانی ژنان نەکرێت."[٣]

لەبەر ئەوە ئافرەتانی کوردستان دەستیان کردووە بە ململانێ بۆ ئازادیی و سەلماندنی شارەزای و دەرخستنی تواناکانیان لە ئیش کردندا و پاراستنی ناسنامەی کوردی خۆیان و پێشنیارکردنی چالاکی بەرپرسیارێتی گشتی سەرشانیان و لە خۆگرتنی ئیش و کار و پۆستی جۆراوجۆر لە زۆربەی دامەزراوەکاندا.[٤]

## ٤-٤: قۆناغەکانی کارکردنی ژنان و تواناکانی کارکردنی ژنان و گیروگرفتەکانی کارکردنیان

زیاد بوونی سەختیەکانی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و زیاد بوونی سەختیەکانی لایەنی ئابوری، وایان کردووە کە زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگەکان لە دەرەوەی ماڵدا کاربکەن، ئەویش بە هۆی ئەو دەرفەتانەی بۆیان ڕەخساوە تاوەکو شان بەشانی پیاوان بێنە ناو بواری کارکردن. کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە ڕاستییەک لە زۆربەی کۆمەڵگەکان و وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو دەرفەتانەی کە بۆ ژنان دێنە پێش، کۆمەڵێک کێشە و بەربەست دێتە پێش بۆیان.

١.مصطفى عبدالعزيز البنداري: وسائل الاتصال الجماهيري وعلاقاتها بالتنمية لدى المراة والشباب، ط١،المكتبة العطرية للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص١٩٨

٢.ڕۆزە حەمەوەیس میرزا: بونیاد و ڕێکخستنی بابەت لە ڕۆژنامەی ژناندا، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١١، ل٦٣

٣. هەرمن شێرکۆ نصرالدین: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧

4 .Tariq Jambaz and Nahla Mohammed, Bits From The Reality Of Kurdistan Women, Iraq-Kurdistan, 2006, p5

## ٤-١-٤: قۆناغەکانی کارکردنی ژنان

''بەدرێژایی مێژوو، ژن توانیویەتی وەکو ڕەگەزێکی چالاک دەربکەوێت و ڕۆڵ ببینێت لە بوارە جیاوازەکانی کارکردندا، بەڵام بێگومان شێوازەکانی کارکردنەکەی و ڕەوتی بەرەوپێشچونیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەلایەکی تریشەوە کلتوری کۆمەڵگەکان ئەگەر چی کۆمەڵگەی بچوکیش بووبن، شێواز و سروشتی کارکردنی ژنانی دیاریکردووە. واتە لێرەوە جۆرێک لە کاری ژنانە و پیاوانە هاتۆتە ئاراوە، دواتریش جۆرێک لە قەدەغەکاری هەبووە لە کارکردنەکاندا کە ئەگەر کارێک پیاوانە بووبێت ڕێگە پێنەدراو بووە بەپێی نەریت و عورف ژنان ئەو کارە ئەنجام بدەن. پێچەوانەی ئەمەش هەر دروستە، کاری ژنانە ئەگەر لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدرابێت، ئەو پیاوە بووەتە جێی قسە و گاڵتە پێکردن''.[١]

لەسەر بنەمای سادەترین دابەشکاری لە نێوان ژن و پیاودا، لە کۆندا لەو کاتەی کە تیایدا پیاو (باوک) دەرۆشت بۆ ڕاوکردن کە چالاکییەکی بەرهەمهێنان بوو، ژن (دایک) پسپۆر بووە لە بەخێوکردنی منداڵ و چاندنی هەندێ بەروبوومی خۆراکی و بەرهەمی درەختەکان، ئەم کارە وایکرد ژنان پێگەیەکی ئابوری و پەروەردەیی زیاتر کاریگەری باشتریان هەبێت لە پیاوان.[٢]

ئەگەر سەرنج بدرێت لە بارەی کارکردنی ژنان لەسەرەتای کشتوکاڵ لە جیهاندا، مێژوونوسان لەو باوەڕەدان کە کاتێک ژن تۆوی ئەو ڕوەکانەی کۆدەکردەوە کە بۆ خواردن دەست دەدەن، بە دۆزینەوەیەکی سەرنج ڕاکێش دادەنرا، ئەوان تێگەشتن کە لە هەر تۆوێک کە دەکەوێتە سەر زەوی گیایەکی لێدەڕوێت، کە ئەو گیایە خۆی چەند تۆوێکی تازەی یێدایە، لێرەوە لەسەر دەستی ئەم بونەوەرە بەهەستە شۆڕشی گەورەی کشتوکاڵ بەرپا بوو.[٣]

لەلایەکی ترەوە زۆربەی ژنان سەرەڕای چاودێریکردنی ماڵ و منداڵ، سەرقاڵی کۆمەڵێک ئەرکی تر بوون وەک چاندنی سەوزەواتەکانی دەرماڵ و چاودێریکردنی مەڕوماڵات و گیانلەبەرانی تر و کەرەستەکانی خۆراکیان کۆدەکردەوە.[٤] لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەند، تێکرای ئەندامانی خێزان لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان کاریان

---

١. کانیاو ابراهیم کریم: ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٢٠، ل٢٦

٢.عبدالقادر یوسف الجبوری: تاریخ الاقتصاد، بغداد موسسة دار الکتب للطباعة و النشر، ١٩٨٠، ص١٤

٣.مەنوچێر موحسینی: دەروازەکانی کۆمەڵناسی، (وەرگێران) ڕێبوار سیوەیلی و کۆمەڵێکی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر: ٢٠٠١، ل٢٨٣

٤.ئەنتۆنی گیدنز: کۆمەڵناسی، (وەرگێران) حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠٠٩، ل٦٦٣

دەکرد، کچان و ژنان کاری (ڕستن) و پیاوانیش کاری (چین)یان جێبەجێ دەکرد.ژنان لە ئاکامی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە پرۆسە ئابوریەکاندا هەیانبوو، دەورێکی بەرچاویان هەبووبێت لە ناو خێزاندا.[١]

''لە کۆتایی سەدەکانی ناوەند واتە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندی سەرمایەداری و زۆربوونی داخوازەیەکانی ژیان، ژن ڕویکردە گەلێک کاری نوێ. ژن وەکو پیاو بووە کرێکار و فەرمانبەر لە کارگە و دەزگا پیشەسازییە گەورەکاندا، بەڵام لە ڕووی کرێ و مووچە و لە ڕووی مافی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەوە وەک پیاو بۆی نەسازا، سەرەڕای ئەوەی ئەرکی خێزانیشی. وەک جاران لەسەر شان بووە.''[٢] لەبەر ئەوە لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەڕەنسی- و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، گۆڕانکاری بونیادی و وەزیفی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا ڕوویدا، ئەوەش وایکرد ژن بەرەو بازاڕەکانی کار بڕوات و بە شێوەیەکی چڕ بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بکات و سەربەخۆیی ئابوری بەدەست بهێنێت.[٣]

هەمیشە جێدەستی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەرکەوتووە، هەر بۆیە کارکردن و بەشداریکردنی ژنان لە بواری سیاسیدا پەیوەستە بە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین و ئاستی بەشداریکردنیان دەوەستێتەوە سەر ڕێژەی ئەو ئازادی و سەربەستی و دیموکراسییەی کۆمەڵگە کە لە ڕووی سیاسییەوە تیایدایە. لەو ڕوانگەیەوە ناکرێت جیا لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەدا گفتوگۆ لەسەر ڕۆڵی سیاسی ژنان بکرێت، بۆیە بە ووردبونەوە لە مێژووی سیاسی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ناتوانرێت نکوڵی لە ڕۆڵ و کاریگەریی بەشداری ژنان بکرێت.[٤]

''ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ژنی کوردیش بدەینەوە، ئەوا دەبینین ژنی کورد هەر لە سەرەتاوە بێکار نەبووە، هەمیشە لە بواری کشتوکاڵدا لەگەڵ مێرد و باوک و برا دەست بەکاربووە. بێگومان ئەوە سەرەتای هەوڵەکانی ژنی کورد نەبووە، سەروەری زۆر لەوە گەورەتریشیان تۆمارکردووە کە هەندێ جار لەگەڵ مێرد و باوک و برا بوون لە فەرمانڕەوایەتیدا و شارستانیتیەکانیان لە یەک نزیک کردۆتەوە''.[٥]

---

١. ئەنتۆنی گیدنز: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤

٢. کانیاو ابراهیم کریم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧

٣.معن خلیل عومەر: کۆمەڵناسی خێزان، و.ئارام امین، چاپی یەکەم ،چاپخانەی خانی، دهۆک:٢٠٠٧، ل١٩٣

٤.علی عبدالرزاق جلبی: الشباب والمشارکة السیاسیة فی کتاب (مجالات علی الاجتماع المعاصر) محور، محمد عاطف غطث، لاسکندریة، دار المعرفة الجامعیة، ١٩٨٥، ص١٥٢١

٥.کازیوە ساڵح: ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا، کۆمەڵە ووتار، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم ،٢٠٠٢، لا٤٨

جگە لەمانەش ژنی کورد هەندێ پیشەی دەستی لە ماڵەکانیان ئەنجام دەدەن و پێویستی خۆیانی پێ پڕ دەکەنەوە وەک، ڕستن و چنین و گڵێنەسازی، کە بریتییە لە دروستکردنی پارچەی بچوکی وەک جل و بەرگ و فەرشی بچوک و بەڕە، کە سودی لێوەردەگرن بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان.[1]
کەواتە بە شێوەیەکی گشتی کارکردنی ژنان مێژوویەکی دوور و درێژ و کۆنی هەیە و کەس ناتوانێت نکوڵی لە توانا و لێهاتوویەکانی ژنان بکات، بەڵام لە ڕابردوودا کارکردنی ژنان هیچ دەستکەوتێکی ئابوری وای نەبووە کە بۆ خودی خۆی بێت، بەڵکو ئەوەی ئەنجامی داوە وەک ئەرکێک لەسەر شانی بووە و بە کارێکی فەرمی بۆی ئەژمار نەکراوە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کارکردن و بەرهەمی ژنان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ماف و ئەرکی بۆ دیاری کراوە، تا ڕادەیەکی باش هەوڵ و ماندووبونی ژنان هەستی پێدەکرێت و گرنگی بە دەستکەوتەکانیان دەدرێت، شان بەشانی پیاو بەرپرسیارێتی خێزانی گرتۆتە ئەستۆ لە بەدەستهێنانی دەستکەوتە ئابوریەکان و دابینکردنی خەرجی ناو ماڵ، وە سەرەڕای هەموو ئەمانە جێدەستی ژنان لە گشت دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەدا دیارە و بەردەوامن لە پێشکەشکردنی توانا و لێهاتویەکانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

## ٤-٤-٢: پاڵنەر و تواناکانی کارکردنی ژنان

**١. توانای خودی**

پاڵنەرو توانای خودی بە پاڵنەری سەرەکی دادەنرێت لە پشت کارکردنی ژنانەوە، کارکردن ئامرازێکە لای ژنان بۆ سەلماندنی هێز و توانا و دەرخستنی کەسێتی خۆیان وەک تاکێک کە خاوەنی ماف و ئەرکی خۆیەتی و بەکاریدەهێنێت، لەبەرئەوەی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی پێگەیەکی گرنگ لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا، هەر ئەو کارکردنە هۆکاری گەشەپێدانی کەسایەتییان و دۆزینەوەی خۆیان و هەستکردنیان بەوەی کە تاکێکی بەرهەمهێنن لە ناو کۆمەڵگە و دەتوانن بەرامبەر بەربەستەکانی ژیان بوەستنەوە ئەگەر بە تەنهاش بن .[2] " کەواتە کارکردن بە سیفەتێک و بەشێکی جەوهەری دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، هەر ئەم کارکردنە پلە و پایەکی بەرزی دەداتێ و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵگەوە، چونکە ئەو سودە مەعنەویانەی کە ژن بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگەی کارکردنەوە زۆر بە بایەخترە لەو سود و قازانجە مادییانەی کە دەستی

١.مەلا مەحمود بایەزیدی: داب و نەریتی کوردەکان، و.شوکریە ڕسوڵ، چاپخانەی العدالە، بەغداد:١٩٨٢، ل٢٧
٢.کاملة بکاکرة: عمل المراة وعلاقتة بالتحصیل الدراسی للابناء، رسالة ماجستیر، قسم علم الاجتیماع، جامعة الوادی، الجزائر:٢٠١٤، ص٢٨

دەکەوێت بە هۆی کارکردنەوە، بەو هۆیەوە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە سەیر دەکرێت.و دەتوانێت توانای خۆی بسەلمێنێت لە بەرهەمهێنان و بەشداریکردنی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا". [1]

سەرەڕای هەموو ئەوانە، کارکردن هەستی بەرپرسیارێتی لای ژن دروست دەکات بەرامبەر بە خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگە و نیشتیمانەکەی، هەروەها یارمەتیدەرە لە دەربازبوون لە ڕۆحی تاکگەرایی و گەڕان بەدوای ئارامی و ئاسودەیی و برەودان بە ڕۆحە مەعنەوییەکەیان. بەهۆی کارکردنەوە، ڕازی بوون بە خود دروست دەبێت و هەوڵی بەدیهێنانی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دەدات. [2]

کەواتە کارکردن دەبێتە هۆی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کەسایەتی ژن و وای لێدەکات کە خۆی بدۆزێتەوە و شانازی بە خودی خۆیەوە بکات بەوەی کە کەسێکی بەرهەمهێن و بەسوودە لە کەسایەتی خۆی، لە تواناکانی خۆی ڕادەبینێت کە ڕوبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببێتەوە ئەگەر بەتەنهاش بێت. بۆیە ناتوانین بڵێین هەموو تواناکانی ژن لە دەستکەوتە ئابورییەکەیدایە، بەڵکو سەلماندن و دەرخستنی تواناکانیان لە ناخی خۆیاندا لە دەستکەوتە ئابورییەکە گرنگترە بۆیان.

### ٢. توانای زانستی

دوای بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون و تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆ و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی لە بوارە جیاجیاکاندا، بەدەستهێنانی ئەو پلە زانستیانە وایکردووە کە گەشە بە بواری داهێنان و پلەی بەڕێوەبەری و هونەری و زانستی خۆیان بدەن. توانیویانە جۆرەها کار و فەرمانی جیاواز ئەنجام بدەن و تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ خزمەتی کۆمەڵگە و بتوانن ئامانجەکانی خۆیان بەدیبهێنن. [3]

ژنان بە هۆی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەوە دەتوانن کارێک یان پیشەیەک هەڵبژێرن کە لەگەڵ بڕوانامەکەیان بگونجێت، چونکە بەو خوێندن و توانا زانستییەی کە هەیانە دەتوانن سەرکەوتن بەدەست

١. کانیاو ابراهیم کریم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

٢.ژیا عباس قادر: دور الموارد البشرية فی إعادة تنظيم المجتمع، أطروحة دكتورا، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، العراق:٢٠١٢، ص٥٠

٣.احسان محد الحسن: علم الاجتماع الصناعی، دار وائل للطباعة والنشر، عمان:٢٠٠٥، ص٢١٢

بهێنن لەو کارانەی کە لەدەرەوەی ماڵ ئەنجامی دەدەن، تاوەکو بتوانن خۆیان بسەلمێنن، لەبەرئەوە بوونی بڕوانامەیەکی زانستی بۆ ژنان دەرگای زۆرێک لە کارو پیشەکانیان بۆ دەکاتەوە.(١)

هەروەها ڕەخساندنی بواری مەعریفی بۆ ژنان وا دەکات کە زیاتر هەلی فێرکردن و شارەزاییان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا بۆ بڕەخسێت، ئەمەش وا دەکات کە پیاوان پشت بە ژنان ببەستن لە چالاکییەکانی کاردا، چونکە ژنان لە توانایاندایە بەرپرسیارێتی هەر کارێک هەڵبگرن وەک پیاوان و دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی فیکری و شارەزایی لە نێوانیاندا بکرێت.(٢)

کەواتە بوونی بڕوانامەیەکی زانستی یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ژنان و وادەکات کە بێنە ناو مەیدانی کارکردنەوە و توانا و لێهاتووییە شاراوەکانی خۆیان دەربخەن لە کۆمەڵگەدا و ڕزگاریان بێت لە داب و نەریتی کۆمەڵگە کە دەستیان بەسەر ئازادی ژناندا گرتبوو لە بواری خوێندن و کارکردن و هاتنە دەرەوە لە ماڵ،چیتر ملکەچی داب و نەریتی کۆمەڵگە نەبن و بە هۆی زانست و خوێندن و خوێندەواری و مەعریفەوە خۆیان دەربخەن لە ناو بوارەکانی ژیاندا.

### ٣. توانای سیاسی

بواری سیاسی ئەو پانتاییەیە کە ژنانی ئیشکەر توانیویانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربن و توانا و لێهاتووی خۆیانی تێدا بخەنەگەڕ. پاڵنەری سیاسی یەکێک بووە لە هۆکارە کاریگەرەکان بۆ ئاڕاستەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنی کارەکانیان و بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی، هەستکردنیان بەوەی کە ئەوان ئەندامێکی گرنگن بۆ بنیاتنان و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە بە هۆی کارەکانیانەوە.

ژنان خۆیان توانای کارکردنیان لە سیاسەت هەیە سەرەڕای کاریگەری حیزبە سیاسیە جیاوازەکان و کارکردنیان بۆ بەرەوپێشچوونی دەرفەتی کارکردنی ژنان وەک پیاوان لە ڕووە یاساییەکەوە.(٣)

لە دنیای ئەمڕۆدا بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا بۆتە پرسێکی هەرە گرنگ و لە لایەن ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەوە گرینگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت. بەشداری نەکردنی ژنانی کۆمەڵگەیەک لە سیاسەتدا ڕادەی دواکەوتوویی و کلتووری پیاوسالاری ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدات.

---

١.ملكة الحاج يوسف: اثار عمل الام على تربية اطفالها، دراسة ميدانية لبعض الامهاتالعلامات بمدينة، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع،ا لشارقة، الجزائر:٢٠٠٣، ص٥٤

٢. كاميليا عبدالفتاح: سايكولوجى المراةالعاملة، دار النهضة، القاهرة: ١٩٧٢، ص٢٥٠

٣. ژيا عباس قادر: مصدر السابق، ص٢٥٥

به درێـژایی مـێژوو له هەر جێگایەکی ئەم دنیـایە ورد بیـنەوە ژنـان کەم و زۆر بەشـدارییان لە سیاسـەت دا کـردوە، بەڵام ڕۆڵی سـەرەکی ژنـان له سیاسـەت دا بـۆ دوای شـۆڕشی فەرەنسـا لە سـاڵی (١٧٨٩ـ-١٧٩٩) دەگەڕێتەوە. لە سـەروبەندی شۆڕشـدا ڕێکخـراو گەلی تـایبەت بە ژنـان بـۆ داکـۆکی لە مافەکانیان دامەزرا و خوازیاری بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەت دا بوون.

بەشــداری ژنــانی کــورد لە نێــو سیاســەت دا لە ڕوانــگەیەکی گشــتی بــۆ ســەردەمی کۆمــاری کوردســتان دەگەڕێتەوە، ئەویـش بە هـۆی دامەزرانی ڕێکخـراوێکی تـایبەت بە ژنـان لە سـەردەمی کۆمـاردا. هەر چەنـدە پێش ئەوەش ژنانێکی زۆر ئازا و نەترسی وەک قەدەمخێر کە ڕێبەری شۆڕشێکی مەزنی کرد و عادیلە خانم لە دوای مردنی هاوسـەرەکەی، عوسـمان پاشـای جاف ڕۆڵی تـایبەتی لە کاروبـاری سـیاسی سـەردەمی خـۆی دا گێڕاوە، تا ڕادەیەک کە فەرمانی بە دروستکردنی بەندیخانەیەک کرد تا ئەو کەسانەی تاوانێک دەکەن یان لە فەرمانی ناوبراو لادەدەن سزا بدرێن.هەروەها حەپسەخانی نەقیب کە ژنێکی دەست ڕۆیشـتوو و خاوەن زەوی سـەردەمی حـوکمرانی شـێخ مەحمـوود بـوو، پشـتیوانی لە ناسیۆنالیسـتەکان دەکـرد و سـەرەکیترین کارەکەی پێشخسـتنی ژنـان لە ئاسـتی خوێنـدن و پێگەیشـتووی ئەوان لە بـواری خەبـات دا بوو.هەروەهـا مەستوورەی ئەردەڵان وەک یەکەم مێژوونووسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ناوبانگی دەرکردوە.

دەیـان ژنی ئـازای دیکە کە توانیـان ڕۆڵـێکی بـاش لە دەسـەڵات و خزمەتگوزارییەکانی سـەردەمی خـۆیـان دا بگێڕن و ناویان بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی کوردستان دا بمێنێتەوە. [١]

### ٤. توانای ئابوری

یەکێک لە پاڵنەرە گرنگەکان بۆ کارکردن پاڵنەری ئابوریە، کە مەبەست لێی توانای دابینکردنی بژێوی ژیانی ژن خـۆی و خـێزانەکەیەتی. بـۆیە مـرۆڤ لە ڕێـگەی ئەو دەرامەتەی کە لە دەرئەنجـامی کـارکردن دەسـتی دەکەوێت دەتوانێت پێداویستیەکانی پێپڕبکاتەوە.[٢]

سـەرەتای دامەزرانـدنی ئـابوری لەلایەن ژنـانەوە دامەزراوە کە کاروبـاری مـاڵ و منـداڵ وپێداویسـتی خـێزان لەلایەن ژنـانەوە پلانی بـۆ دارێـژراوە بـۆ ئەوەی خـێزانەکەی هـیچ کەم کـورتییەکی نەبێت لە پێداویسـتەکانی.

[1] .https://asoyroj.com/new/detail.aspx?Jmara=11684&Jor، 27/4/2022، 12 pm

٢. کامیلیا عبدالفتاح: مصدر السابق، ص٢٤٣

بەشداربوونی ژنان لە کاروباری ئابوری بۆ ڕکابەری پیاوان نەبووە، بەڵکو ژنان وویستویانە سەربەخۆیانە بەبێ پشت بەستن بە پیاوان بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن.

هەروەها ئابووری سەربەخۆی ژنان یارمەتیدەرە کە ژنان زیاتر بچنە کۆڕەکانی خۆسەلماندنی سیاسی و ڕوونـاکبیری و کلتـوریی کۆمەڵگەکـان و بەرەوپێشـچوونە سـەردەمیەکان. کاتێـک ژنـان بڕیـار دەدەن کە بەئاراستەی گەڕانەوەی قـووت و شـکۆی خۆیـان بەرەو بونیادنـانی ئـابووری سـەربەخۆ لە ماڵەکان بچـنە دەرەوە، بەهەمان ئاڕاستەش بەشداریکردنیان لە چالاکییە مرۆییەکاندا زیاتر دەبێت، بەهەمان مەوداش کۆت و بەربەستەکانی بەردەم ژنان وەک مرۆڤێکی ئازاد دادەڕمێ و لاواز دەبێت.[1]

''کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆکاری سەربەخۆبونی باری ئابوری ژن، ئەم سەربەخۆییە پاڵنەرە بۆ گەشەسـەندنی تواناکـانی کەسـێتیان و دەوڵەمەنـدبونیان لە لایەنی کـرداری و فیکـری و کۆمەڵایەتیشـەوە. هەروەها کاریگەری لەسەرگۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە و داب و نەریتی دەبێت. ئەمانە ئاماژەیەکی باش دەبن بۆ ئایندەی ژنان. لەم ساڵانەی دوایدا کارکردنی ژنان چۆتە قۆناغێکی نوێوە و جگە لەدامەزراوە فەرمییەکان، ژنان بەشێوازی سەربەخۆ لەکەرت وشوێنە جیاوازەکاندا هەوڵی کارکردنی خۆیان داوە، وەک سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر ڕۆلیکی گرنگیان بینیوە.

کەواتە پاڵنەری ئابوری پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بە تایبەت لەم ڕۆژگارەی ئەمرۆدا کە گۆڕانکارییەکان زۆربە خێرایی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن بە هۆی زۆری پێداویستییەکانی ژیان''.[2]

## ٥. تواناى ڕاگەیاندن و فیکری

''بەدەر لەو پاڵنەرانەی تر کە ئاماژەیان پێدراوە لە بـواری خـودی، ئـابوری، زانسـتی، سـیاسی، ئەوا بـواری ڕاگەیاندنیش بوارێکی گرنگە کە ژنان تێیدا کاردەکەن.

ژنان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا توانیویانە بە خۆڕاگری و بە بێ کۆڵنەدان بێنە مەیدانی کارکردنەوە، یەکێک لەو بـوارە هەسـتیار و گرنگانەی بەشـێوەیەکی جـدی و بەرچـاو ڕۆڵی خۆیـان دەبیـنن لە مەیـدان و گۆڕەپـانی ئەمـرۆدا، کـارکردنی ژنــانە لە بــواری ڕاگەیاندنــدا وەک (ڕۆژنــامەنووس و پێشکەشــکاری بەرنــامە و بێژەری......هتد). ڕاستە کاری ڕاگەیاندن بە کارێکی تاقەت پروکێن ناوزەند دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

[1]. https://jinhaagency.com/so/nj-w-yabwry/pwyst-zhnan-bhrkanyan-bkarbhnn-yabwry-khaky-zr-grng-309195/5/5/2022،11:00 pm

٢. کانیاو ابراهیم کریم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣

هەموو ئەو ماندووبوون و ڕێگریانە نەک تەنها نەبوونەتە بەربەست لەبەردەم زۆرینەی ژناندا بەڵکو هەوڵی داهێنانیشـیانداوە لە بـوارەکەدا. دیـارە هەمـوو ئەوانەش پەیوەسـتن بە بـاوەڕی تەواو و بەردەوامبـوون و کۆڵنەدان و خۆشەویستی و پێویستی و هەبوونی هەریەک لەو کەسانەی لەو بوارەدا خۆیان دەبیننەوە."[١]

بێگومان دەرکەوتنی ژنان لە بواری ڕاگەیاندندا سەرەڕای بوونی لایەنی ئەرێنی، ئەوەندەش لایەنی نەرێنی و مەترسی هەیە بۆ کەسێتی خودی ژنان خۆیان. هەروەها هەرچەندە لە هەوڵدانـدا بـن بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجەکەیان ئەوەندە ڕێگری و ماندووبون و ململانێی تێدایە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەکاتە سەر بـارودۆخی تایبەتییـان کە لە ژیـانی ڕۆژانەیـان دوچـاری دەبـنەوە، بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەو ڕێگـری و بەربەسـتانەدا، لەمـڕۆدا کـارکردنی ژنـان لە بـواری ڕاگەیاندنـدا، بـوەتە ڕاسـتییەک و جێگـای دڵخـۆشی و شانازییە.[٢]

کارکردنی ژنان بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها بەپێی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژین، هەر بۆیە ئەو پاڵنەرانەی کە دەبنە هۆی کارکردنی ژنان، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت.

## ٦. توانای کۆمەڵایەتی

لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکان کە بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە، بە شێوەیەکی گشتی وایکردووە کە گۆڕانکاری بەسەر دابونەریت و بیروبۆچونی تاکەکانی کۆمەڵگەشدا بێت لەبەرامبەر کارکردنی ژنان، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری ژنان یارمەتیدەر بووە لە گۆڕینی بۆچوون و ئاڕاستە کۆمەڵایەتییان بەرەو کارکردنیان لە ناو کۆمەڵگەدا.[٣]

یەکێک لە پێگەگرنگ و بنەڕەتیەکان بۆ ژنان، ناو خێزانەکەیەتی. لە ڕابردوودا خێزانەکان ڕازی نەبوون بە چوونە دەرەوەی ژنان نەک تەنها بۆ کارکردن بەڵکو بۆ بازاڕکردنیش، هەروەها ڕازی نەبوون بە تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئەوانی تردا، هەرچەندە توانای زۆری کاریان هەبووە کە ئەنجامی بدەن.[٤]"بەڵام بە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنەلۆجی و ئاڵۆزبوونی ژیان و زیاد بوونی پێویستیەکان،

---

١.کنێر عەبدوڵا: ژن لە بازنەیەکی داخراودا، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٥-٣٦

٢. کنێر عەبدوڵا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨

٣.جیهاد ذیاب الناقولا: الاثار الاسرية الناجمة عن خروج المراة السورية للعمل، دارالهيئة السورية، دمشق: ٢٠١١، ص٧٥

٤. ژیا عباس قادر: مصدر السابق، ص٥٢

خێزانەکان وایان لێهات کە خۆیان کچەکانیان بنێرن بۆ کارکردن لە دەرەوە تا بتوانن یارمەتی خێزانەکانیان بدەن لە خەرجییەکانی ڕۆژانەیاندا. یەکێکی تر لەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتییانەی کە وایکرد ژنان بتوانن کار بکەن بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ،کاتی بەتاڵ بوو لای ژنان، کە هیچ ڕێگایەکیان نەبوو بۆ کات بەسەربردن یان بۆ هەر چالاکییەک بچێتە دەرەوە کە خۆیان بیانەوێت، چونکە بەردەوام چاوی کۆمەڵگەیان لەسەر دەبێت و تانەیان لێدەدەن، بەڵام بە بوونی کارێک و کارکردن لە شوێنێک دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تارادەیەکی زۆر لەم گیروگرفتانە دووریان بخاتەوە". [١]

لەبەر ئەوەی کاتێک ژنێک کارێک دەکات و سەرقاڵە بەو کارەوە و هەوڵدەدات زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی بە بەرهەمهێنانی کارێکەوە پڕبکاتەوە و لەبەرامبەردا مووچەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت،هەوڵدانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزانەکەی وایکردووە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست ببێت و بەچاوێکی ڕێز و گرنگی پێدانەوە سەیر بکرێت لەلایەن دەوروبەرەوە. [٢]

پاڵنەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پاڵنەرە بەهێزەکان بۆ ئاراستە کردنی توانانی ژنان بۆ کارکردن، بەو پێیەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم تا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی نەریتین و ئاین و داب و نەریت ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ژیانیاندا، بۆیە خێزان و گرنگی دان بە کاروباری ماڵەوە و پەروەردە کردنی منداڵ لە پلەی یەکەمی ڕیزبەنیەکانە لای ژنان. بەڵام لە ئێستادا گۆڕانکاری گەورە بەدیدەکرێت لەلایەن خێزانەکانەوە لە هاندانی ژنان بۆ کارکردن و نیشاندانی پیشە و تواناکانی خۆیان و کەمکردنەوەی ڕێگری کلتوری و کۆمەڵایەتی لەبەردەم کارکردنی ژنان.

---

١. کانیاو ابراهیم کریم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٥

٢. کامیلیا عبدالفتاح: مصدر السابق، ص٢٤٤

## ٤-٤-٣: گیروگرفتەکانی بەردەم کارکردنی ژنان

ئەگەر چی کارکردنی ژنان کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورەی لە بوارەکانی سەربەستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و فیکری دەستەبەر کردووە، بەڵام کۆمەڵێک بەربەستیش ڕووبەڕووی ژنان ئەبێتەوە لە کارکردندا لەوانە:

### ١. گیروگرفت و ئەرکی خێزانی و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان

بێگومان کارکردنی ژنان مانای سەربەخۆیی ئابوری دەگەیەنێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دابەشبوونی کار لە ناو ماڵدا. جگە لەوەی یەکسانی کارکردنی ژن و پیاو دەبێتە هۆی یەکسانی لە نێوانیاندا لە بواری ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بە خێزانەوە هەیە.[١] "لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتی پیاو زاڵە، پیاو خۆی بە خاوەنی ژن دەزانێت، لە ئەنجامی ئەوەش ژنان دەبنە کۆیلە و دەبێت بەپێی خواستەکانی پیاو هەڵسوکەوت بکەن. بۆیە زۆر جار کە ژنان هەوڵی کارکردن و چوونە دەرەوە دەدەن ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفت و تەڵاق دەبنەوە".[٢] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی ئیشکەر ڕووبەڕووی دوو کێشە دەبنەوە:
یەکەمیان کەمی کاتە، دووەمیان، دابەشکردنی کارەکانی ناو ماڵ دەبێتە هۆی دورخستنەوەی گیروگرفیەکانی خێزان، چونکە یەکسانی و سەربەخۆیی ژنان لەلایەن دەسەڵاتی تقلیدی پیاوەوە بە ئاسانی قبوڵ ناکرێت.[٣]

### ٢. گیروگرفتی پەروەردە کردنی منداڵ

منداڵ یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی دێتە بەردەم ژنانی ئیشکەر و بێگومان نەبوونی دایەنگای پێویست و شیاو یاخود لانەیەکی ئارام بۆ چاودێریکردنی مناڵەکانیان و تەنیا پشتبەستن بە خزم و دراوسێ و ماڵە باوان، کاریگەری نەرینی لەسەر پەروەردەکردنی مناڵەکان دەبێت.
بێگومان ڕۆڵی ژنی ئیشکەر تا ئێستاش بناغەیەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی پێکهاتەی خێزان و بەجێهێنانی فەرمانەکانی لە دایکبوونی مناڵ و پەروەردەکردنی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیرییەوە.[٤]

---

١.بارطر واخرون: علم الاجتماع الصناعی، (ت)محمود علة محمود، منشئة المعارف الاسكندرية،١٩٧٢،ص ٦٦

٢. کنێر عەبدوڵڵا حمە عزیز: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

٣. کنێر عەبدوڵڵا حمە عزیز: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

٤.خديجة ابراهيم محمد واخريات: المراة العماملة فی صناعة، جامعة الاسكندرية، ١٩٦٤،ص ١٠

## ٣. گیروگرفتی ژینگە و کلتوری

نەبوونی ژینگەی لەبار بۆ کارکردنی ژنان یەکێکە لە سەرەکیترین ڕێگرەکانی بەردەم بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی کارکردندا، بەڵام هۆکارە کلتوری و کۆمەڵایەتیەکانی تریش هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی بەشداری ژنان لە کارکردندا. [١]

## ٤. گیروگرفتی ئاینی

''ئاسایيە زۆرینەی بەها کلتورییەکان لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتبێت، ئایینەکانیش ئەگەر لە سەرەتادا بۆ خستنەوەی دادوەری هاتبنە مەیدانەوە، ئەوا لە دوایدا کەم تا زۆر لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی ترو لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتنی ژنان بوون و کۆمەڵگە و پێشەوایانی ئاین لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەک ئاینییان بەکارهێناوە کە دەقا و دەق کردویانەتە هەوێنی دروستکردنی پیاوسالاری و ڕەهاکردنی دەسەڵاتی پیاو و دانانی تەگەرەی نامەوزوعی ونالۆژیکی لەبەردەم بەرێوەچوونی ژیانی ژناندا لە هەموو بوارەکاندا''.[٢] هاوکات ڕەهبەران و نمایندەکارانی ئاینەکان و ئاراستەی ئاینزانەکانیان بەشێوەیەک لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ کردووە کە پێشێلی زۆری مافەکانی پیاوانیان کردووە تا بگاتە ژنان کە بە تەواوی لە مرۆڤایەتییان داتاشیوون و کردویانەتە کاڵایەک بۆ خۆشگوزەرانی پیاو. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو، ژنان بوونەتە دیلی دەقێک کە لە هەر هەنگاوێکی ڕزگاربووندا تیرباران کراون. ڕەنگە ئەوەندەی پیادەکاران و شیکارانی ئاین خراپەکارییان لە ژێر پەردەی دیندا بەرامبەر ژنان کردبێت، دینەکان خۆیان ئەوەندە توندڕەوو توندوتیژ نەبوو بن.[٣]'' ئەگەر ئاورێک لە مێژوو بدەینەوە دەبینن لە هەموو ئاینەکان کەم تا زۆر جۆرێک ڕێگریان لە ژنان کردووە کە بەشداری کاروباری دەرەوە بکەن و هەوڵ و تواناکانی خۆیان نیشان بدەن، بۆیە دەبینین دینی ئیسلامیش وەک سەرجەم دینەکانی تر سنوری بۆ ژنان داناوە و ڕێگر بووە لەبەردەم پێشخستنی تاکەکانی کۆمەڵدا بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ و سەرجەمی ئاینەکانیش وەک یەک بەرپرسن لە ڕێگریکردنی ژنان، چونکە هەریەکەیان لە قۆناغێکدا دابەزیون و شێوازێکیان بەکارهێناوە بۆ بەستنەوەی ژنان و ملکەچکردنیان، هەریەکەیان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووە لە دواکەوتنی خودی ژنان و بەهەند وەرگرتنی ئەو بار و زەرفانەی لە مەودای کارکردنی ژناندا گەمەیانکردووە، بۆیە لە ئێستادا گرنگە ژنان بە دید و فکرێکی نوێوە بێنە گۆڕەپانی کارکردن و پیشە و تواناکانی خۆیان نیشان بدەن''.[٤]

---

1 . https://www.prsmedia.net/23/4/2022,8:30 Pm

٢.ڤیان مەجید: ژن...تاک...سیاسەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی:٢٠٠٧، ل٢٧

٣.ایمان عبدالفتاح اطمام: الفیلسوف المسیحي والمراة، مكتبة متبولي، ص٤٤-٤٥

٤. ڤیان مەجید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ پیشەو تواناکانی ژنان

**٣-١:** خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان

**٣-٢:** خستنەڕوو و شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان

٣-٣: خستنەڕوو و شیکردنەوەی تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە

**٣-٣-١:** تەوەری یەکەم: ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە ژنان

**٣-٣-٢:** تەوەری دووەم: سوود وەرگرتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ برەودان بە تواناکان و ناساندنی کاڵاکانیان

**٣-٣-٣ :**تەوەری سێیەم: ئاستی هاندان و ناساندنی کاڵا و پیشەدەستیەکانی ژنان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان

٤-١: دەرئەنجام و پێشنیاز

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروست لە کاتی وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان،توێژەرفۆڕمێکی ڕاپرسیمان دروستکردووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان،سەرەتای فۆڕمەکە بە پرسیارە کەسییەکان لە بەرتوێژان دەستی پێکردووە کە تایبەت بوو بە (تەمەن،بڕوانامە و باری خێزانی وشوێنی نیشتەجێبوون و جۆری پیشەکانی بەرتوێژان).

پاشان بەشێکی دیکەی فۆڕمەکە تایبەت بوو بە وەرگرتنی زانیاری گشتی لەبەرتوێژان کە تێدا(٨) پرسیاریان ئاڕاستە کرابوو کە تایبەت بوو بە (تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان و ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و کاتی تەماشاکردنیان و تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان و ئاستی گرنگی پێدانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بە دەرخستنی پیشەو تواناکانی ژنان).


هاوکات بەشێکی دیکەی فۆڕمەکە (٣) تەوەری لە خۆگرتبوو،پرسیارەکانی ئەم تەوەرانە لە (٢٧) بڕگە پێکهاتبوو،تەوەری یەکەم باس لە (ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکات بە تواناکانی ژنان)،لە تەوەری دووەمدا باسی (سوود وەرگرتنی ژنان لەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ برەودان بە تواناکان و ناساندنی کاڵاکانیان) دەکات،تەوەری سێیەم تایبەت بوو بە (ئاستی هاندان و ناساندنی کاڵاو پیشەکانی دەستی ژنان لە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان.

## ١-٥:خستنە ڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان.

### خشتەی (١)

### تەمەنی بەرتوێژان

| تەمەن | بەرتوێژان | |
|---|---|---|
| ١٨ ساڵ کەمتر | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| ١٨-٢٧ ساڵ | ١ | %١ |
| ٢٨-٣٧ ساڵ | ٤٠ | %٤٠ |
| ٣٨-٤٧ساڵ | ٣٤ | %٣٤ |
| ٤٨-٥٧ساڵ | ١٨ | %١٨ |
| ٥٨ ساڵ زیاتر | ٧ | %٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (٣)**
**تەمەنی بەرتوێژان**


له خشتەی ژمارە (١) تایبەت بە تەمەنی بەرتوێژان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان کەوتۆتە تەمەنی نێوان (٢٨-٣٧) ساڵ بە دووبارەبوونەوەی (٤٠) کەس بەڕێژەی سەدی (٤٠%)، دواتر تەمەنی نێوان (٣٨-٤٧) ساڵ بە دووبارەبوونەوەی (٣٤) کەس بەڕێژەی سەدی (٣٤%) هەروەها دەردەکەوێت تەمەنی نێوان (٤٨-٥٧) ساڵ (١٨) کەس دووبارە بووەتەوە بە ڕێژەی (١٨%) بەڵام تەمەنی زیاتر لە (٥٨) ساڵ تەنها (٧) کەس بوون بەرێژەی (٧%). بۆ تەمەنی (١٨-٢٧) ساڵ کەمترین ڕێژە تۆمارکرا کە تەنها (١) کەس بوون و ئەوەی دەردەکەوێت کە تەمەنی خوار (١٨) ساڵ هیچ کەس لەبەرتوێژانی تێدا نەبوو کە ڕێژەکەی (سفر)ە.

بەو شێوەیە ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ژنانی خاوەن پیشە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٨-٣٧) ساڵیدایە لە ئاستی بەرزی ئیشکردنیاندان و گەورەترین ئاست لە خۆ دەگرن. ئەم ئەنجامە ئەوە نیشان دەدات لەم ئاستەی تەمەندا خاوەن پیشەکان ووزە و توانایەکی باشی کارکردنیان هەیە و بە دوای بازارگەریدا دەگەڕێن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە دەستییەکانیان. کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٧) ساڵیدان، بەڵێ لە تەمەنێکی گەنجتردان و توانای کارکردنیان هەیە بەڵام ئەزموونی کارکردنیان بە باشی پەیدا نەکردووە. بڕوانە شێوەی (٣).

**خشتەی (٢)**

**بڕوانامەی بەرتوێژان**

| بڕوانامە | بەرتوێژان | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| بێ بڕوانامە | ١٧ | %١٧ |
| سەرەتایی | ١١ | %١١ |
| ناوەندی | ١٢ | %١٢ |
| ئامادەیی | ١٢ | %١٢ |
| دبلۆم | ١٨ | %١٨ |
| بکالۆریۆس | ٢٩ | %٢٩ |
| ماستەر | ١ | %١ |
| دکتۆرا | ٠ | %٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (٤)**
**بڕوانامەی بەرتوێژان**

لە خشتەی ژمارە (٢) تایبەت بە بڕوانامەی بەرتوێژان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان ئەوانەن کە بڕوانامەی بکالۆریۆسیان هەیە بە دووبارەبوونەوەی (٢٩) کەس بەڕێژەی سەدی (٢٩%). دواتر ئەوانەن کە بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە بە دووبارەبوونەوەی (١٨) کەس و بەڕێژەی سەدی (١٨%). هەروەها دەردەکەوێت ئەوانەی کە بێ بڕوانامەن (١٧) کەس دووبارە بووەتەوە بە ڕێژەی (١٧%). سەبارەت بە بڕوانامەی ئامادەیی و ناوەندی دەبینین وەک یەک بوون کە ژمارەی هەریەکەیان (١٢) کەس بوون و ڕێژەی (٢٤%)ی وەرگرت. ئەوانەی کەخاوەن بڕوانامەی سەرتایین بە دووبارە بوونەی (١١) کەس بە ڕێژەی سەدی (١١%)، کەمترین ڕێژە بۆ بڕوانامەی ماستەر تۆمارکرا کە تەنها (١) کەس بوو بە ڕێژەی (١%)،ئەوەی دەردەکەوێت ئەوانەی کە بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە هیچ بەرتوێژێکی تێدا نەبوو ڕێژەکەی (سفر) بوو.

لە ئەنجامەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی خاوەن پیشە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ئەوانەن کە خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆسن، لەبەر ئەوەی زۆرترین ژمارەیان هەیە کە لە ئێستادا بە دوای هەلی کاردا دەگەڕێن، لەبەرئەوەی لە ئێستادا هەبوونی بڕوانامە مەرجێکی سەرەکییە بۆ کارکردن لە بواری بازارگەریدا، ودەرکەوت ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەی بەرزن کەمتر لەو جۆرە ئیشانە دەکەن بە هۆی ئەوەی کە هەلی


کاریان بە گوێرەی بڕوانامە و پسپۆرییەکەیان دەست کەوتووە. زۆرێک لەو خاوەن بڕوانامە بەرزانە لە کەرتی حکومی کار دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەی (ماستەر و دکتۆرا)ن.

بۆیە دەبینین ئەنجامەکان ئەوەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە بەوەی کە لە هەردوو پارێزگاکە ڕێژەکەی گەیشتوەتە تەنها (١%) لە بڕوانامەی ماستەر، (0%) لە بڕوانامەی دکتۆرا. بڕوانە شێوەی(٤).

**خشتەی (٣)**

**باری خێزانی بەرتوێژان**

| باری خێزانی | بەرتوێژان | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| سەڵت | ٥٠ | %٥٠ |
| خێزاندار | ٥٠ | %٥٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |





لە خشتەی ژمارە (٣) تایبەت بە باری خێزانی بەرتوێژان دەردەکەوێت هەمان دووبارەبونەوەی تێدایە کە ژمارەی هەریەکەیان (٥٠) کەس بوون کە ڕێژەی (٥٠%)ی وەرگرت.

لە ئەنجامەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی خاوەن پیشە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە وەک یەک لە هەوڵی ئەوەدان لە بواری بازاڕگەریدا کار بکەن و برەو بە پیشە و توانای خۆیان بدەن. بڕوانە شێوەی(٥).

**خشتەی (٤)**
**شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان**

| پارێزگا | بەرتوێژان | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| پارێزگا | ٥٦ | %٥٦ |
| قەزا | ٢٣ | %٢٣ |
| ناحیە | ٢١ | %٢١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |





لە خشتەی ژمارە (٤) تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان ئەوانەن کە لە پارێزگاکان نیشتەجێن بە دووبارەبوونەوەی (٥٦) کەس بەڕێژەی سەدی (٥٦%)، دواتر ئەوانەن کە لە قەزاکان نیشتەجێن بە دووبارەبوونەوەی (٢٣) کەس و بەڕێژەی سەدی (٢٣%)، هەروەها دەردەکەوێت ئەوانەی کە لە ناحیەکان نیشتەجێن ژمارەیان (٢١) کەسە بە ڕێژەی (٢١%).

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی بەرتوێژان ئەوانەن کە لە پارێزگا نیشتەجێبوون و بە دوای هەلی کاردا دەگەڕێن. بێگومان هەلی کار لە پارێزگاکان زیاترە وەک لە قەزا و ناحیەکان. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە پارێزگاکان کاریگەری زیارتریان هەبووە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ژنانی خاوەن پیشە. بڕوانە شێوەی(٦).

## خشتەی(٥)

## جۆری پیشە

| پیشە | بەرتوێژان | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| دروومان | ٢٠ | %٢٠ |
| خواردن دروستکردن | ١٤ | %١٤ |
| ڕستن و چنین | ٢٤ | %٢٤ |
| گوڵ دروستکردن | ١٢ | %١٢ |
| باخداری | ٢ | %٢ |
| شیرینی دروستکردن | ٢٠ | %٢٠ |
| نان کردن | ٨ | %٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




## شێوەی (٧)

## پیشەی بەرتوێژان

لە خشتەی ژمارە(٥) کە تایبەتە بە جۆری پیشە، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەکانی نێوان پیشەگەران نزیک بــوون لەیەکەوە، بە تــایبەتی لە پیشــەی (دروومــان، خــواردن دروســتکردن، ڕســتن و چنــین، شــیرینی دروســتکردن)کە ڕێژەکەیــان لە نێــوان (١٤%-٢٤%) بــوو بە دووبــارەبوونەوەی (١٤-٢٤) کەس بــۆ هەر پیشەیەک، بەڵام کەمترین ڕێژە لەو ڕێژەیە کە تۆمارکرا بۆ پیشەکانی (گوڵ دروستکردن، نان کردن) بوو کە ڕێژەکانی نێوان (٨% -١٢%) بـوو بە دووبـارەبوونەوەی بەرتـوێژان لە نێـوان (٨-١٢)کەس، بەڵام کەمـترین پیشە لای ئێمە بەشدار بووبێت پیشەی باخداری بوو کە تەنها (٢) کەس بەشدار بوون لە توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٢%).


لە ئەنجامەکان بۆمان دەردەکەوێت کە پیشەی (ڕستن و چنین و شیرینی دروستکردن ) ئەو دوو پیشەیە بـوون کە پێشـەنگی جـۆری پیشـەکانی دیکە بـوون، لەبەرئەوەی کە هەردوو پارێزگای سـلێمانی و هەڵەبـجە نـاوچەیەکی گەشـتیارین و سـاڵانە گەشـتیارێکی زۆر ڕوویـان تێـدەکەن، ئەمەش هۆکارە بـۆ ئەوەی کە پیشـە دەستییەکان لە پێشینە کاڵاکانی دیکە بن و بازاری باشیان هەبێت و ئەو گەشتیارانەی کە ڕوو دەکەنە ئەم شــارانە لەو جــۆرە شــیرینی و کەل و پەلە دەســتکرد و چــنراوانە لەگەڵ خۆیــان دەبەنەوە کە لەو شــارانە دروست دەکرێن.کەمترین جـۆری پیشـە ،پیشـەی (باخـداری) بـوو، لەبەرئەوەی نـاوچەیەکی کشـتوکاڵیە و خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان خاوەن باخن و خۆیان ئیش و کارەکانیان دەکەن. بڕوانە شێوەی (٧).

## ٢-٥ خستنەڕوو و شیکردنەوەی پرسیارە گشتییەکان

**خشتەی ( ٦ )**

١-ئایا تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت؟

| پرسیار | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| زۆر | ٧ | %٧ |
| تارادەیەک | ٢٥ | %٢٥ |
| کەم | ٦٨ | %٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی(٨)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (١)**

خشتەی ژمارە (٦) تایبەت بە پرسیارە گشتییەکانی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم (ئایا تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت؟) بۆمان دەردەکەوێت زۆرێک لە بەرتوێژان هاوڕابوون کە (کەم) تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن بە ڕێژەی (%٦٨) بە دووبارەبوونەوەی (٦٨) کەس بەڵام تەنها (٧) کەس هەڵبژاردەی (زۆر)یان دەستنیشانکردووە، ڕێژەی تەنها (%٧)ی بەرتوێژان بە بەردەوامی تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن.


ئەنجامەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕێژەیەکی کەمی بەرتوێژان تەماشای بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەکەن کە ڕێژەکەی (%٧)ە لە هەردوو شارەکە. ئەمەش بێگومان بەشێکی بۆ نەبوونی کات و سەرقاڵی

بەرتوێژان دەگەڕێتەوە بە ئیش و کاری ژیانی رۆژانەیان، بە هۆی بارگرانی ژیان و پەیدا کردنی بازارگەری بۆ بەرهەمەکانیان.بەشێکی دیکەی بۆ بەکارهێنانی فراوانی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن بەرتوێژانەوە کە تارادەیەکی باش بووەتە جێگرەوەی تەلەفزیۆن و تەنانەت بووەتە کەناڵێکی باش بۆ ناساندنی پیشە و تواناکانیان لە رێگەی ریکلام بە شێوەی (online) بۆ شمەک و کاڵاکانیان لە رێگەی ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییانەوە. بڕوانە شێوەی (٨).

**خشتەی(٧)**

٢-ماوەی تەماشاکردنت بۆ تەلەفزیۆنیە کوردییەکان لە رۆژێکدا چەندە؟

| بژاردەکان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| کەمتر لە یەک کاتژمێر | ٥٧ | %٥٧ |
| ١-٢ کاتژمێر | ٣٠ | %٣٠ |
| ٢-٣ کاتژمێر | ١٣ | %١٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (٩)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە(٢)**


لە خشتەی ژمارە (٧) سەبارەت بە پرسیاری (دووەم) کە تایبەت بوو بە (ماوەی تەماشاکردنت بۆ تەلەفزیۆنیە کوردییەکان لە رۆژێکدا چەندە؟)، بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی زۆربەی بەرتوێژان هەڵبژاردەی (کەمتر لە یەک کاتژمێر)یان دەست نیشانکرد کە رێژەکەی ( ٥٧%) بوو،(٣٠%) هەڵبژاردەی (١-٢ کاتژمێر)یان دەست نیشانکرد، وە (١٣%) هەڵبژاردەی (٢-٣ کاتژمێر)یان دەست نیشانکرد.

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەرتوایژانەوە لە ڕۆژێکدا بە ڕەیژەیەکی زۆر کەمترە لە یەک کاتژمێر لە هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجە، ئەوە نیشان دەدات کە ماوەی تەماشا کردنی تەلەفزیۆن لەلایەن بەرتوێژانەوە لە ئاستێکی نزمدایە بە هۆی برەودانی زیاتری بەرتوێژان بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بڕوانە شێوەی (٩).

**خشتەی(٨)**

٣-کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە چ کاتێکدایە؟

| بژاردەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| بەیانیان | ٨ | %٨ |
| نیوەڕوان | ٢١ | %٢١ |
| ئێواران | ٧١ | %٧١ |
| کۆی گشتی | %١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (١٠)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٣)**


له خشتەی ژمارە (٨) سەبارەت بە پرسیاری (سێیەم) کە تایبەت بوو بە (کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە چ کاتێکدایە؟)، دەبینین زۆربەی بەرتوێژان لە شاری سلێمانی و هەڵەبجە کە ڕێژەکەیان (٧١%) بوو کاتی (شەوان)یان دەست نیشانکردبوو بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان،(٢١%) کاتی (ئێواران)یان پێ باشە بۆ ئەو سەیرکردنە،تەنها (٨%) کاتی (نیوەڕوان) دەست نیشانکردوە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە (٧١%) بەرتوێژان لە (شەوان) کاتییان بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆنییەکان تەرخان کردووە، بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان لە کاتەکانی تر سەرقاڵی دەوام و کاروباری ڕۆژانەن، بۆیە دەبینین کە ڕێژەیەکی کەمیان کە لە (٨%)ە، کاتی نیوەڕوان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن. بڕوانە شێوەی(١٠).

**خشتەی(٩)**

٤-ئایا تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنییە کوردییەکان دەکەیت؟

| بژاردەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | ٦ | %٦ |
| تارادەیەک | ٢٦ | %٢٦ |
| کەم | ٦٨ | %٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (١١)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٤)**


له خشتەی (٩) تایبەت بە پرسیاری (چوار)ی گشتی، (ئایا تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت؟) دەریدەخات کە نزیکەی زۆرینەی بەرتوێژان کە ڕێژەکەی دەگاتە (٦٨%) هەڵبژاردەی (کەم) یان دەست نیشانکردوە، تەنها (٦%)ی بەرتوێژان تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن.

ئەنجامەکان ئەوە دەگەیەنن کە ڕێژەیەکی زۆری بەرتوێژان بە کەمی تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکان دەکەن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەو ڕیکلامانەی کە لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکرێت وەک پێویست نەیانتوانیوە پەیامەکان بگەیەنن بە بینەرەکانیان، ئەمە وای کردووە کە زۆربەی بەرتوێژان بڕوا بە ڕیکلامەکان نەکەن. بڕوانە شێوەی(١١).

**خشتەی(١٠)**

٥-بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان گرنگییان داوە بە دەرخستنی پیشە و تواناکانی ژنان؟

| ڕێژەی سەدی% | دوبارەبوونەوە | بژاردەکان |
|---|---|---|
| %١٢ | ١٢ | زۆر |
| %٤٥ | ٤٥ | تارادەیەک |
| %٤٣ | ٤٣ | کەم |
| %١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی |




**شێوەی (١٢)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٥)**


لە خشـتەی ژمـارە (١٠) تـایبەت بە پرسـیاری (پێـنج)ی پرسـیارە گشـتییەکان، (بەرنـامە تەلەفزیۆنیەکـان گرنگییـان داوە بە دەرخسـتنی  پیشـە و تواناکـانی ژنـان؟)، بۆمـان دەردەکەوێت کەلە (٤٥%) ی بەرتـوێژان پێیانوایە (تارادەیەک) بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان گرنگییان داوە بە دەرخستنی پیشە و تواناکانی ژنان، بەڵام لە (٤٣%)ی بەرتوێژان پێیانوایە ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە گرنگی (کەم)یان داوە بە پیشـە و تواناکانی ژنان لە کاتێکـدا (١٢%)ی بەشـداربووان هەسـت دەکەن کە ئەو بەرنـامە تەلەفزیۆنیـانە بە (بەردەوام)ی گـرنگی دەدات بە پیشە و تواناکانی ژنان.

لە دەرئەنجـام دەردەکەوێـت کە نـزیکییەک هەیە لە نێـوان هەردوو شـار و بە ڕێـژەی کەمـتر لە نیـوەی بەرتوێژان پێیان وایە کە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان تارادەیەک گرنگییان داوە بە دەرخستنی بەرهەم و توانا و پیشـەکانی ژنان، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان تەنها چەند کەناڵێکی کەم بونیان هەیە کە بەرنامەی تایبەتیان بە ژنان و پرسـەکانی ژنـان هەیە ئەوانیش وەک پێویسـت نـین. بـڕوانە شێوەی(١٢).

**خشتەی(١١)**

٦- تـا چەنـد دەرکەوتـنی ژنـان لە بەرنـامە تەلەفزیۆنیەکانـدا، بـۆ خسـتنە ڕووی توانـا و بەرهەمەکانیـان بە پێویست دەزانیت؟

| بژاردەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | ٥٨ | %٥٨ |
| تارادەیەک | ٢٦ | %٢٦ |
| کەم | ١٦ | %١٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (١٣)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٦)**


له خشتەی ژمارە (١١) تایبەت بە پرسیاری (شەش)ی گشتی، (تا چەند دەرکەوتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بۆ خستنە ڕووی توانا و بەرهەمەکانیان بە پێویست دەزانیت؟)، بۆمان دەردەخات کە لە (٥٨%)ی بەرتوێژان پێیان وایە بەردەوام دەرکەوتنی ژنان لەبەرنامەی تەلەفزیۆنی گرنگە بۆ خستنەڕووی توانا و بەرهەمەکانیان و لە (٢٦%)یان پێیان وایە ئەو دەرکەوتنە (تاڕادەیەک) گرنگە بەڵام ڕێژەی وەڵامی بەرتوێژان بۆ هەڵبژاردەی(کەم) گەشتە (١٦%).

لەم خشتەیەدا دەرئەنجامەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نیوەی زیاتری بەرتوێژانی هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجە وەڵامی (بەردەوام)یان دەست نیشانکردووە و دەرکەوتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بۆ خستنە ڕووی توانا و بەرهەمەکانیان بە کارێکی باش دەبینن و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە کار و پیشە و بەرهەمەکانیان بە بینەران بناسێنن و بازاڕی کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەوە. بێگوومان بوونی بەرنامەکانی تایبەت بە ژنان ڕێگە خۆشکەردەبێت بۆ دەرکەوتنی ژنان و ڕەخساندنی بازاڕگەری و برەودان بە توانا و پیشەکانیان. بڕوانە شێوەی (١٣).

**خشتەی(١٢)**

٧-تاچەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان؟

| بژاردەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | ٢٤ | %٢٤ |
| تاڕادەیەک | ٥١ | %٥١ |
| کەم | ٢٥ | %٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (١٤)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٧)**


له خشتەی ژمارە (١٢) تایبەت بە پرسیاری (حەوت)ی گشتی، (تاچەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان؟)، ڕێژەکان دەریدەخات کە لە (٥١%) بەرتوێژان پێیان وایە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان (تاڕادەیەک) یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان و لە (٢٤%) پێیان وایە بەرنامەی تەلەفزیۆن (بەردەوام) یارمەتیدەرن و لە (٢٥%)ی بەرتوێژان بە (کەم)ی ئەو کاریگەرییەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان دەبینین.

وەک لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت کەبەشێکی زۆری بەرتوێژان لە وەڵامدانەوەیان سەبارەت بەوەی (تاچەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان) لە هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجە وەڵامی تاڕادەیەکیان دەست نیشانکردووە وکە ڕێژەکەی (٥١%) بوو. زۆربەی ژنانی خاوەن پیشە زۆر پشت بە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان نابەستن بۆ نیشاندانی پیشە و تواناکانیان بۆیە دەبینین کە لە نیوە کەمتری وەڵامی بەرتوێژان ئەوە نیشان دەدات کە بەرنامەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەماکانیان. بڕوانە شێوەی (١٤).

**خشتەی(١٣)**

٨-تا ئێستا چەند جار بەشداریت کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانت؟

| بژاردەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | ٤ | %٤ |
| تاڕادەیەک | ٢٠ | %٢٠ |
| کەم | ٦٧ | %٧٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |




**شێوەی (١٥)**
**وەڵامی پرسیاری ژمارە (٨)**


له خشتەی ژمارە (١٣) تایبەت بە پرسیاری (هەشت)، (تا ئێستا چەند جار بەشداریت کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانت؟) دەریدەخات لە (٧٦%) ی بەرتوێژان بە(کەم)ی بەشدارییان کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانیان و لە (٢٠%)یان (تاڕادەیەک) بەشدارییان کردووە، لە (٤%)یان بە(بەردەوام)ی بەشدارییان کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان.

جێی ئاماژەیە بەرتوێژان لە هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجە بە ئاڕاستەی (کەم) لە پرسیاری (تا ئێستا چەند جار بەشداریت کردووە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانت؟) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٧٦%)، بێگومان ئەم ڕێژەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەرنامەکانی ژنان کە لە چەند کەناڵێکی کەم هەن لە هەرێمی کوردستان، وەک پێویست گرنگیان بە پیشە و خستنە ڕووی بەرهەمەکانی ژنان نەداوە و بانگێشتیان نەکردوون تاوەکو لە ڕێگەی ئەو بەرنامانە وەک پێویست کار و چالاکییەکانی خۆیان نیشان بدەن و هاندانێک بێت تاوەکو بە هۆیەوە برەو بە تواناکانی خۆیان بدەن. بڕوانە شێوەی (١٥).

**خستنە ڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردن و شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان بە شێوەیەکی گشتی :**

**خشتەی(١٤)**

| پرسیار | پ١ | % | پ٤ | % | پ٥ | % | پ٦ | % | پ٧ | % | پ٨ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | ٧ | %٧ | ٦ | %٦ | ١٢ | %١٢ | ٥١ | %٥١ | ٢٤ | %٢٤ | ٤ | %٤ |
| تاڕادەیەک | ٢٥ | %٢٥ | ٢٦ | %٢٦ | ٤٥ | %٤٥ | ٣١ | %٣١ | ٥١ | %٥١ | ٢٠ | %٢٠ |
| کەم | ٦٨ | %٦٨ | ٦٨ | %٦٨ | ٤٣ | %٤٣ | ١٨ | %١٦ | ٢٥ | %٢٥ | ٧٦ | %٧٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |




**شێوەی (١٦)**
**خستنەڕوو شیکردنەوەی پرسیارە گشتیەکان**

له خشـتەی ژمـارە(١٤)دا کە تـایبەتە بە پرسـیارە گشـتیەکان لە هەردوو شـاری  سـلێمانی و هەڵەبـجە، لە پرسـیاری (یەکەم) کە تـایبەت بـوو بە (تەماشـای تەلەفزیـۆنە کوردییەکان دەکەیـت؟) زۆربەی بەرتـوێژان هەڵــبژاردەی (کەم)یــان دەســـت نیشــانکردووە بە دووبــارەبوونەوەی (٦٨) کەس کە ڕێــژەی( ٦٨%)ی تۆمارکردبوو.

بـۆ پرسـیاری (چـوارەم) کە تـایبەت بـوو بە (ئایا تەماشـای ریکلامی تەلەفزیـۆنە کوردییەکان دەکەیـت؟) بە هەمان شێوەی پرسیاری یەکەم، هەمان دووبارە بوونەوە و هەمان ڕێژە بوو بە تومارکردنی (٦٨)کەس بە ڕێژەی (٦٨%).

سەبارەت بە پرسیاری (پێنجەم) کە تایبەت بوو بە (بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان گرنگییان داوە بە دەرخستنی پیشـە و تواناکانی ژنـان؟)، دەبینـین دووبارەبوونەوەکان نزیـک بـوون لەیەکەوە کە (٤٣،٤٥) تۆمـارکرا ون بە هەڵبژاردەی (تاڕادەیەک و کەم)بە ڕێژەی (٤٣% ، ٤٥%).

سەبارەت بە پرسیاری (شەشەم) کە تایبەت بوو بە (تا چەند دەرکەوتنی ژنان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بۆ خسـتنە ڕووی توانـا و بەرهەمەکانیـان بە پێویسـت دەزانیـت؟)، دووبارەبوونەوەکـان (٥١) بـوو بە ڕێـژەی (٥١%) بەهەڵبژاردنی (زۆر).

سەبارەت بە پرسیاری (حەوتەم) کە تایبەت بوو بە (تاچەند بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ژنان؟) بە دووبارەبوونەوەی (٥١)بە هەڵبژاردنی (تاڕادەیەک) بە ڕێژەی (٥١%).


دواتـر لە پرسـیاری (هەشـتەم) کە تـایبەت بـوو بە (تـا ئێسـتا چەنـد جـار بەشـداریت کـردووە لە بەرنـامە تەلەفزیۆنییەکان بۆ ناساندنی توانا و بەرهەمەکانت؟)، دەرکەوت کە دووبارەبوونەوەکان (٧٦) کەس بوون و وەڵامی (کەم)یان دەست نیشانکردووە بە ڕێژەی (٧٦%)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە.

لــێرەدا دەردەکەوێــت کە زۆربەی بەرتــوێژان لە ســەرجەم پرســیارەکاندا بــژاردەی (کەم)یــان دەســـت نیشانکردووە. بڕوانە شێوەی (١٦).

## ٣-١: خستنەڕوو و شیکردنەوەی تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە
### ٣-١-١: تەوەری یەکەم: ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بەتواناکانی ژنان.

**خشتەی (١٥)**

| ژ | پرسیار | هاوڕام | | نازانم | | هاوڕانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | پلە | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە-بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە-بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە-بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | | | |
| ١ | بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان وا دەکات کە وەرگرەکان لە پیشە و تواناکانی ژنان ئاگادار بن. | ٦٤ | %٦٤ | ٢٤ | %٢٤ | ١٢ | %١٢ | ٥٢،٢ | ١ | هاوڕام |
| ٢ | کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لە پاڵ ئەرکەکانی تردا، دەبێت ئەرکی گەشەدان بە توانا و پیشەکانی ژنان بدات. | ٦٩ | %٦٩ | ١٣ | %١٣ | ١٨ | %١٨ | ٥١،٢ | ٢ | هاوڕام |
| ٣ | بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان ڕۆڵیان هەیە لە گەشەدان بە تواناکانی وەرگرەکان و خستنەگەڕیان. | ٥٨ | %٥٨ | ٢٧ | %٢٧ | ١٥ | %١٥ | ٤٣،٢ | ٣ | هاوڕام |
| ٤ | بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە هاندان و بایەخدانی هەر توانایەک بۆ پیشەیەک لای وەرگرەکان. | ٥٧ | %٥٧ | ٢٦ | %٢٦ | ١٧ | %١٧ | ٢،٤ | ٤ | هاوڕام |
| ٥ | بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان نەیان توانیوە بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون بۆ تواناکانی ژنان بکەن. | ٥٩ | %٥٩ | ١٧ | %١٧ | ٢٦ | %٢٦ | ٣٧،٢ | ٥ | هاوڕام |
| ٦ | شێوازی خستنە ڕووی پیشە و تواناکانی ژنان لە ڕێگەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە وەک پێویست نییە. | ٥٧ | %٥٧ | ١٨ | %١٨ | ٢٥ | %٢٥ | ٣٢،٢ | ٦ | هاوڕام |
| ٧ | بەرنامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بەئاسایکردنی کارکردنی ژنان لە ناو کۆمەڵگە. | ٥٧ | %٥٧ | ١٧ | %١٧ | ٢٦ | %٢٦ | ٣١،٢ | ٧ | هاوڕام |
| ٨ | بەرنامە تایبەتەکانی ژنان توانیویانە ببنە جێگرەوەی بەرنامەکانی دیکە بۆ خستنەڕووی پیشەو تواناکانی ژنان. | ٥٢ | %٥٢ | ٢٤ | %٢٤ | ٢٤ | %٢٤ | ٢٨،٢ | ٨ | هاوڕام |
| ٩ | کاردانەوەی بەکاربەران و کڕیاران بۆ پیشە و تواناکانی ژنان لەسەر بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ئاستێکی باشدایە. | ٥١ | %٥١ | ٢٢ | %٢٢ | ٢٧ | %٢٧ | ٢٤،٢ | ٩ | هاوڕام |
| ١٠ | تەلەفزیۆنە کوردییەکان بەرنامەی پێویستیان تێدایە بۆ بایەخدان بە تواناکانی ژنان و خستنەگەڕی کارە پیشەییەکانیان. | ٤٧ | %٤٧ | ١٨ | %١٨ | ٣٥ | %٣٥ | ١٢،٢ | ١٠ | هاوڕام |
| | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | | | | | | | ٢،٣٥ | | |



